دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە


ژمارە ٧٩٥، شەممە ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٢٠ی مارسی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە، نەورۆزە، هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە


ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی سەرباری هەموو کەمایەسی و نەهامەتییەکانی کۆتایی پێهات و گەلە بەشفوراوەکەمان پێی نایە ساڵی ٢٧٢١.
لەلایەن دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان» پڕ بە دڵ پیرۆزبایی هاتنی ساڵی نوێ و نەورۆزی دێرینی کوردان لە هەموو گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین و ئاوات دەخوازین کە ساڵی نوێ ساڵی وەدیهاتنی ئامانجە لەمێژینەکانی بێت و بەڵێنیش نوێ دەکەینەوە کە تا سەر لە سەنگەری ڕۆژنامەوە دژ بە تاریکپەرستان خەبات دەکەین.

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان



چالاکیی تەبلیغی لە کوردستان

٤




٨ی مارس و پێگەی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا

٦



پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵ

٨



زمان.. دەسەڵات.. هێز

١٠

# نەورۆزی گڕ و ڕاسان



بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی کوردی بە بەشداریی لێپرساوی گشتیی حیزب، ئەندامانی ناوەندیی سیاسی و دەستەی کارگێڕی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو بڕگەدا بەڕێوەچوو.

لە بڕگەی یەکەمدا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەورۆزی «ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە» دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی نەورۆزیی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز «مستەفا هیجری»، لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

هیجری لە سەرەتای پەیامەکەیدا باسی لەوە کرد: «ئێمە لە هەلومەرجێکدا بەرەوپیری نەورۆز و ساڵی نوێی ١٤٠٠ی هەتاوی دەچین کە قەیرانە کەڵەکەبووەکان و چارەسەرنەبوونیان، لە درێژە و ئاکامی سیاسەتەکان و بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو ئەزموونە تاڵەیە، کە نەک تەنیا نەتەوەکانی بندەستی ئەم وڵاتە، تەنانەت وڵاتان و گەلانی ناوچەکەش لێی بێبەری نەبوونە.»

لە بەشێک لە پەیامەکەی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتدا ئاوڕ لە دۆخی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی درابوویەوە و تێیدا هاتبوو: « ئەمساڵیش بۆ جارێکی تر پارێزگاکانی کوردستان لە ئاستی ئێراندا زیاترین ڕێژەی بێکاری و هەڵاوسانیان هەبووە، لەنێو پارێزگاکانی کوردستاندا، کرماشان زیاترین ڕێژەی بێکاری هەبووە . ئیلام و کرماشان بەپێی ئاماری فەرمی دوو شاری فەلاکەتبارن و هاوکات بەهۆی تێکڕووخانی زیاتری نرخی تمەن و بڵاوکردنەوەی دۆلاری دەوڵەتی لە ناوەندی ئێران، خەڵکی کورد لە چاو ساڵانی پێشوو هەژارتر بوونە.

ژنان دوو بەرابەری پیاوان بوونەتە قوربانیی قەیرانیی ئابووری. لە کەمتر وڵاتیکی جیهان پانتایی کاروچالاکیی ئابووری بۆ ژنان بە ڕادەی ئێران بەرتەسکە. وڵاتیک کە دانیشتوانی ژنی سەرەوەی ١٥ ساڵ، زیاتر لە ٣١ میلیۆنە، ژمارەی ژنانی خاوەنکاری کەمتر لە ٤ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسە. لە ساڵی ١٣٩٩دا، ڕێژەی بێکاریی ژنان ١٤ بەرابەری ڕێژەی بێکاریی پیاوان بووە، لەگەڵ ئەوە پێدەچێت بەپێی دۆخی کۆڕۆنا ڕێژەی توندوتیژیی بنەماڵەیی ڕوو بە ژن، منداڵ و بەساڵاچووان زیادی کردبێت، بەڵام هیچ ئامارێکی جێگای باوەڕ لەو بوارەدا لەبەر دەست نییە.»

لە درێژەی پەیامەکەیدا بەڕێز هیجری باسی لەوە کرد کە: « سەرەڕای دۆخی دارماوی ئابووری و قەیرانی کۆڕۆنا، لە یەک ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر سیاسەتی هەمیشەییی خۆی واتە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆییی وڵاتانی ناوچە، تاقیکاریی مووشەکی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی پێداگر بووە. کۆماری ئیسلامی بە ڕێگای تۆڕێکی بەربڵاو لە هاوپەیمانە میلیشیاییەکان و گرووپەکانی ژێر نفووزی خۆی، شەڕی بە وەکالەتی کردووەتە ئەولەوییەت و کارتێکی گوشار بۆ سەر وڵاتانی ناوچە. هەر لە کاناڵی ئەم هێزانەوە، لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بەردەوام بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکای لە ناوچەکە کردووەتە ئامانج. دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند وڵاتیکی جیهان هەوڵی تیرۆر و دەستبەسەرکردن و خستنە داوی دژبەرانیان داوە.»

مستەفا هیجری لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: « بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان کە هەموو نەتەوەکان هەست بە سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی و کەرامەت و بوونی خۆیان بکەن، ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمان وایە: هاوچارەنووسی دەبێ ببێتە بنەمای هاوخەباتی و هاوپەیمانی لای هەموو ئەو هێزانەی کە بە کردەوە باوەڕیان بە دێموکڕاسی و مافی نەتەوەیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەیە. پێمان وایە کە دۆخی لاوازی ڕێژیم، بەستێنی گونجاوی بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو ڕووخاندنی ئەم نیزامە و بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدڕاڵ فەراهەم کردووە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٤٠٠یشدا وەک ساڵانی ڕابردوو پێداگری لەسەر لێکنزیکبوونەوەی حیزبە خەباتکارەکان و سەریەکخستنی هێز و توانا و دەرفەتەکان دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتێکی بەهێز و شوێندانەر و پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکەینەوە وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی. پەیوەست بوونی پۆل پۆل کوڕ و کچی بە بیروباوەڕ و شۆڕشگێڕ بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٩دا، هێز و تینی زیاتری بە خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشتمان بەخشیوە هەر بۆیە ڕایدەگەیێنین بەهیوا و بەهێزتر لە ڕابردوو، سەنگەری ڕۆژهەڵات بۆ بەرگری لە ئازادی ئاوەدانترە.»

پاش وتەکانی بەڕێز لێپرساوی گشتی، گۆرانییەک لەژێر ناوی «شیرین بەهارە» لەلایەن تیپی مۆسیقای کۆیەوە پێشکەش بە ڕێوڕەسمەکە کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا پەخشانێکی نەورۆزی بەناوی «من نەورۆزم» لەلایەن مامۆستا بێبەش پیرۆتی شاعێری هەستناسکی پێشمەرگەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

پاشان ڕیزەگۆرانییەکی فۆلکلۆر لەلایەن تیپی مۆسیقای کۆیەوە پێشکەش کرا.

دواتر پێشمەرگەی لاو «ئێحسان ڕەستگار» شێعرێکی بەناوی «ئاگری نەورۆز»پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

پاشان چەند تابلۆی هەڵپەڕکێی ڕەشبەڵەک لە لایەن گرووپی هەڵپەڕکێی «ئاشتی»یەوە پێشکەش کرا کە کەشێکی شادی بە ڕێوڕەسمەکە بەخشی.

بڕگەی دووهەمی ئەو ڕێوڕەسمە بریتی بوو لە کردنەوەی ئاگری بڵێسەداری نەورۆز کە لەلایەن بەڕێزان مستەفا هیجری، لیپرساوی گشتیی حیزب و کەنێرە مێهفەر خێزانی شەهید ڕەسووڵ محەممەدزادە کرایەوە کە هاوکاتیش سروودی «جێژنە جێژنی کوردستانە» پێشکەش کرا.

بڕگەی کۆتایی ئەم ڕێوڕەسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی گشتی کۆتایی پێهات.

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم جێژنە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان و لەلایەن پێشمەرگەکانی نیشتمانەوە جێژنی نەتەوەیی نەورۆز بە شکۆیەکی تایبەتەوە بەڕێوە چوو. لە هەمان کاتدا لە هەر دوو بنکەی «دێگەڵە» و «جێژنیکان»یش جێژنی نەورۆز و ساڵیادی ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی خەبات لە ڕۆژهەڵات ناسراو بە ڕاسانی خۆرهەڵات بەڕێوە چوون.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشدا سەرباری زاڵبوونی کەشی پۆلیسی و خەفەقان بەسەر شار و گوندەکاندا، خەڵک بەشێوەیەکی کەموێنە بەرەوپیری نەورۆزەوە چوون و بێ گوێدان بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕێژیم ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان بەڕێوە برد کە دواتر لە ڕاگەیاندنی حیزبەوە هەموو لایەکی لێ ئاگادار دەکەینەوە.

خوێنەرانی ئازیزی «کوردستان» ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی پەیامی نەورۆزیی بەڕێز لێپرساوی گشتیی حیزب لەم ژمارەی کوردستاندا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی ئازیز.

## پەیڤ

### ژیانەوەی نیشتمان

کەریم پەرویزی

دەیانهەوێ نەک گوڵ لەم خاکەدا نەڕوێ، تەنانەت بارانیش لەم نیشتمانە نەبارێ تاکوو وڵاتمان قاقڕ و شاخمان سەرنەوی و دۆڵمان پڕ لم و زەلکاو بێ.

کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر، بە یارمەتیی بیر و فیکرە فاشیستییەکان، ساڵانێکە پەیتاپەیتا دەسڕێژ و هرووژمیانە بۆ سەر خاک و نیشتمان و ڕۆحی نەتەوەییمان تاکوو لەوپەڕی داماویی و زەلیلیدا دەستەوئەژنۆ دانیشین و چاو لەدەستی خێر و خێراتی ئەوان بین تاکوو پاروە نانێکمان بدەن و دوعای خێریان بۆ بکەین کە ئەوەندە بە لوتفن کە ناهێڵن لە برسانا بمرین.

بیری فاشیستییان و تەماحی داگیرکارییان و تینوێتیی خوێنمژییان ساڵانێکی دوور و درێژە کە نیشتمانەکەمانی ژێر چەکمەی ڕەقی دڵرەقییان خستووە و ڕۆژانە ڕۆڵەکانمان دەکوژن و شەوانە لاوەکانمان بە چاوبەسراوەیی لە چاڵە ڕەشەکاندا ئەشکەنجە دەکەن و بە هیچ تێر نابن و بە هیچیش کۆڵ نادەین.

ئەم ساڵ سەرەڕای هەموو دەرد و نەهامەتییەکانی دیاریی کۆلۆنیالیزمی تاران، هەژاری و بێکاری و برسیەتیی و گەمارۆش کە زیاتر بوو، بەڵام پەتای کۆڕۆناش دەردەکان و مەرگەکانی زۆرتر و زۆرتر کرد. ئەمساڵی ڕەشی ١٣٩٩ی هەتاوی، بە قەرەنتینە و ڕەشەبا و پەتای ڕەش و گرانی وماڵوێرانی دەستی پێکرد و بە ئێعلامیە پەیتاپەیتاکانی ڕەشپۆشی درێژەی کێشا و لەمساڵدا سەدان و هەزاران ئازیزمان لە دەست چوو. مەرگ دەواری ڕەشی لەمبەر هەیوان و حەوشەی کوردستان هەڵدا و ئاخوندەکانی تارانیش قاقای خۆشییان بوو کە کۆڕۆناش هاتووە و یارمەتیدەریانە تاکوو هەم مەرگ زۆرتر و هەم ترس و دڵەڕاوکێ قووڵتر و هەم دۆشداماوی و دەستەوەستانیی خەڵک زیاتر بکرێ؛ بەڵام ئەوەی هەرگیز پێیان قبووڵ نەکراوە و هەردەمیش تووشی سەرسووڕمانی کردوون، وشیاری و لەخۆبردوویی خۆشەویستترین ڕۆڵەکانی نیشتمان واتە پێشمەرگە بووە کە لە کۆڵان و دۆڵ و شاخ و دەشت و شاری کوردستاندا گەڕان و پەیامی درێژەدانی بەرخۆدانیان بۆ گەل برد و پەیامی خۆشەویستیی شاریان بۆ چیا هێنایەوە.

هەرچی دوژمن هەوڵی داوە کە ساڵ ومانگەکان بە بێهیوایی تێپەڕێ، بەڵام نەورۆز هەرتم ڕەمز و ڕازە گەورەکانی نیشتمانی کوردستانی پێ

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٨ی مارس



٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن، بۆنەیەکە کە دەسکەوت و پێشکەوتنی مافەکانی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا بەرز دەنرخێندرێ.

هاوکات وەبیرهێنەرەوەی دۆخی ستەم و هەڵاواردنی سەر ژنانە کە گەلێک ڕەهەندی جیاوازی هەیە.

لەو پەیوەندییەدا، دۆخی ستەم و سەرکوت و بێ بایەخکردنی ژنان و مافەکانیان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دۆخێکی بەردەوام بووە؛ بە جۆرێک کە ساڵی ٢٠١٩، بە گوێرەی ڕاپۆرتە جیهانییەکان، کۆماری ئیسلامی لە خشتەی یەکسانیی ڕەگەزیدا، لە کۆی ١٩ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە پاڵ وڵاتانی سووریە، عێراق، پاکستان و یەمەن لە ڕیزی ١٦هەمدا بووە.

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، مافی یەکسانیی ژن و پیاو، وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ و بنەڕەتی سەلمێنراوە و خەباتی بۆ دەکرێت و هاوکاتیش، وەک پرەنسیپێکی دێموکراتیک و جیهانی، باوەڕمان پێیەتی و خوازیاری یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادایین.

٨ی مارس لە هەموو ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پیرۆز بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆچی دوایی دوکتور «کەماڵ مەزهەر»

هەواڵی کۆچی دوایی دوکتور «کەماڵ مەزهەر» لە ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٦ی مارسی ٢٠٢١، بوو بەهۆی پەژارەی هەموو لایەکمان. خوالێخۆشبوو د.کەماڵ مەزهەر زانایەکی دیاری بواری مێژوونووسی بوو کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی پڕبەرهەمی خۆی تەرخانی ڕاستکردنەوەی ئەو چەواشەکارییانە کرد کە دوژمنانی کورد بە نییەتی شێواندنی مێژووی ئەم نەتەوەیە نووسیویانە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کوردێکی نیشتمانپەروەر و خەباتکار بوو کە لە ڕێگای پسپۆڕی و شارەزاییەکەی خزمەتی زۆر و بەرچاوی بە گەل و نیشتمانەکەی کرد. دوکتور کەماڵ دۆستی نزیکی شەهید دوکتور «قاسملوو» و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و تا کۆتایی تەمەنیشی ئەو دۆستایەتییەی بەردەوام بوو. لەدەستچوونی د.کەماڵ مەزهەر خەسارێکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی و بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی، یادی ئەو زانایە لە دڵماندا هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە. بەبۆنەی کۆچی دوایی د.کەماڵ سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە ئەندامانی بنەماڵەی بەڕێزیان و کەسوکاریان و هەروەها کۆمەڵگای ئاکادمیک و زانایانی نیشتمانپەروەر دەکەین و لەو خەم و پەژارەیەدا خۆمان بە بەشدار دەزانین.

**سڵاو و حورمەت بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو د.کەماڵ مەزهەر**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩**
**١٧ی مارسی ٢٠٢١**

## کتێبێک لەسەر دوکتور قاسملوو لە فەرانسە بڵاو کرایەوە

ئەنستیتۆی کورد لە فەرانسە بەرهەمی گفتوگۆی سێمینارێک کە بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو بەڕێوە چووبوو، لە کتێبێکدا بڵاو کردەوە.

ئەو کتێبە لە ٢٣٠ لاپەڕەدا بە زمانی فەرانسەوی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ساڵی ڕابردوو لە هۆڵی «میدیسی» یەکێک لە هۆڵەکانی مەجلیسی سێنای فەرانسە، سێمینارێک بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ڕێبەری مەزن و ناوداری کورد دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەسپێشخەریی ئەنستیتۆی کورد بەڕێوە چوو.

لەو سێمینارەدا چەندین کەسایەتیی کورد، ئێرانی و بیانی قسەیان کرد. هەروەها باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملوو لە شۆڕشی کورد و لێهاتوویی ئەو ڕێبەرە بلیمەتە لە سیاسەتدا کرا.

# پێشمەرگەکانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس لە چیاکانی کوردستان سێمینارێکیان بەڕێوە برد

بەشی پەروەردەی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ڕەشەمە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن سێمینارێکی بەڕێوە برد.

سێمینارەکە سەرەتا بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

ئەم سێمینارە لەسەر سێ تەوەری ژنان لە ئاستی جیهان، ئێران و ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

لەو سێمینارەدا ‹‹دڵنیا وەیسی›› پێشمەرگەی کوردستان، یەکەمین چەخماخەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنانی لە جیهاندا هێنایە بەر باس.

ناوبراو باسێکی لەسەر مرۆڤ بەگشتی و مافەکانی و ئەو هەڵاواردنانەی کە لە ژن کراوە، پێشکەش کرد و وتی کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو هەڵاواردنانە دەبێ ئاڵوگۆڕ لە هزرەکاندا ڕوو بدات و ڕەوتی مرۆڤدۆستی لە بەرەکانی داهاتوودا پەرەی پێ بدرێت.

لەو سێمینارەدا ‹‹شاهۆ ڕاوک›› پێشمەرگەی کوردستان، لەسەر پرسی ژنان لە ئێران باسی لەوە کرد، لە ئێران ژنان لەگەڵ دوو سیستەم بەرەوڕوون، یەکەم سیستەمێکی دیکتاتۆری، دووەم سیستەمی بەڕێوەبەری عەشیرەیی، بنەماڵەیی و ئایینی.


ناوبراو باسی لەوە کرد کە لەژێر سیستەمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران ژنان بە جنسی ژێردەست دێنە ئەژمار و بە شێوەی کولتووری ١٤٠٠ ساڵ لەمەو پێش هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت، سیستەمی دەسەڵاتدار لە ئێران توانای گۆڕانکاریی نییە، بەڵکوو لەسەر ئەو یاساگەلە پێداگری دەکات کە لە یاسای بنەڕەتیدا هاتووە.

هەروەها ‹‹سەیران مەحموودپوور›› پێشمەرگەی کوردستان، باسێکی لەسەر مەرجی سەرەکیی بەهێزکردنی خەباتی یەکسانیخوازیی ژنی کورد و خۆ ڕێکخستن لە خەباتی نوێی ڕاسان، لە شار و شاخ و تاراوگەدا، پێشکەش کرد.

ناوبراو لەمبارەوە وتی: ‹‹بە کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و ئاراستەکردنی خەبات لە بەرژەوەندیی داخوازییەکانی ژنانی کوردستان، ڕاسان ئەم پانتاییەی دروست کردووە کە تەنیا لە گوتارێکی حیزبی خۆی وێنا ناکات، بەڵکوو کۆمەڵگای کوردستان بەتەواوی پێکهاتەکەی جەوهەری ئەم گوتارەیە کە ژنی کورد وەکوو بەشی گرینگی ئەم پێکهاتەیەیە».

بەشی کۆتایی سێمینارەکە تەرخان کرابوو بە پرسیار و ڕا و بۆچوونی بەشداربووان و وڵامدانەوەیان لەلایەن کوڕگێڕانی ئەو سێمینارەوە.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٨ی مارس




خەڵکی خەباتکاری کورد!
هاونیشتمانییانی خۆشەویست!
ژنان و پیاوانی مافخواز!

بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە کە ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانیی ژن ناسراوە و لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان ئەو ڕۆژە بەرز دەنرخێندرێت و ڕێزی لێ دەگیردرێت. لەو ڕۆژەدا جارێکی تر پێداگری لەسەر مافی بەرانبەری ژن و پیاو دەکرێتەوە و ئەو ڕاستییە چەندپاتە دەکرێتەوە کە هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت ئازادی و دێموکراسیی ڕاستەقینە بە خۆیەوە ببینێت ئەگەر مافی نیوەی دانیشتووانی خۆی لەبەرچاو نەگرێت. لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بەهۆی گەشەی دێموکراسی و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگای بەشەری پێگەی ژنان هەڵکشانی بە خۆیەوە بینیوە و تا دێت ژنان پتر جێ پێی خۆیان قایمتر دەکەن. دیارە ئەمە تەنیا هەنگاوێکی کورتە کە هەڵگیراوەتەوە و ئەو مافە ڕەوایانە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت لە زۆربەی وڵاتانی دنیا هەر بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت، ڕوانینی نەریتخوازانەی پیاوان و تەنانەت بەشێکیش لە ژنانیش بەربەستێکی گەورە بووە لە بەرپێی بەرەوپێشچوونی دۆخی ژنان لەسەر ئاستی جیهانیدا. کەم نین ئەو ژن و پیاوە ئازادیخوازانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە باوەڕمەندبوون بە مافی ژنان و هەوڵ و تێکۆشانی زۆر، خزمەتی گەورەیان بە وەدیهاتنی ئەم دەسکەوتانەی هەتا ئێستاش کردووە و تا دێت لە سەردەمی نوێدا بەرەنگاری و دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی ژنان بۆ بەرهەڵستکارانی قورستر و دژوارتر دەبێتەوە. لە کەس شاراوە نییە کە مافی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو و یاسامەندا زۆربەی هەرە زۆری لەمپەرەکانی وەپاش ناوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژنانی خاوەن دەسەڵات و جێگە و پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی ڕوو لە هەڵکشانە بەڵام، لەو وڵاتانەی کە دێموکراسی نەیتوانی جێ بگرێت ئەم مافانەش پێشێل دەکرێت و گەشەی نەکردووە و لەبەرچاو نەگیراون.

بەداخەوە لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیش هەتا ئێستا ئەو مافانە بایەخی زۆر کەمیان پێدراوە و ئەو ئاستەش لە پێشکەوتن کە هەیە دەسکەوتی ژنان و پیاوانی مافخواز و باوەڕمەند بە ئازادی و بەرابەریی ژن و پیاوە. لەژێر سێبەری ئەو دەسەڵاتە ئایینییە تا سەر ئێسقان دواکەوتوو و کۆنەپەرستەی کۆماری ئیسلامیدا و بەپێی یاسای دژە مرۆییانەی کە دایانمەزراندووە، ژن هەتا ئێستاش بە نیوەی پیاو دێتە ئەژمار و وەک ئامرازێک بۆ ژیانی ئاسوودەتری پیاوان چاوی لێ دەکرێت و ژنانی لە هەموو مافەکانی بێبەش کردووە.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنینەوە دەبینین کە هەزاران و بگرە ملیۆنان مرۆڤی ئازادیخواز لەم ماوەیەدا لێبڕاوانە خەباتیان بە وەدیهاتنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران کردووە کە مافی ژنان بەشی جیانەکراوەیەتی. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە قوربانیی زۆری بۆ دراوە، کۆت و بەند و زنجیری بۆ تەحەمول کراوە و سەختیی زۆری لە پێناودا کێشراوە بەڵام هەتا ئێستاش ئەم خەباتە بەردەوامە. ژنان و کچانی کوردیش وەک سیمبولی بەرەنگاری بەرانبەر بە زوڵم و زۆر و نەریتخوازی هەردەم پێشڕەو بوون و شان بە شانی پیاوان سەنگەری پێشمەرگانەیان بۆ بەرگری و خەبات ئاوەدان ڕاگرتووە و بوونەتە جێگەی شانازی و سەربڵیندیی نەتەوەی کورد و لە هیچ تێکۆشانێک درێخییان نەکردووە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە بە باوەڕمەندبوون بە مافی یەکسانی و دادپەروەری بۆ ژنانی کۆمەڵگای ئێران، داوا دەکات کە ژنان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی دژەژنی کۆماری ئیسلامی وەک چۆن تا ئێستا پێشەنگ بوون، لە داهاتووشدا لە مەیدانی خەباتدا پێشڕەوی شەڕەکان بن.

**بەرز و بەڕێز بێت ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕێوڕەسمی نەورۆز لە جێژنیکان بەڕێوە چوو

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمە، بەبۆنەی نەورۆزی کوردەواری و هاتنی ساڵی نوێ لە جێژنیکان ڕێوڕەسمێکی بە شکۆ بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی دوژمنشکێنی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.




دواتر لەلایەن «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەک پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی ڕێکخراوی لاوان و ژنان بەبۆنەی ساڵی نوێ، لەلایەن «دانا ڕاست خەدیو» پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا، شێعرێک لەژێر ناوی «من بەڕێوەم» لەلایەن مامۆستا «بێبەش» خوێندرایەوە.

هەروەها لەلایەن گرووپی سروودی منداڵان، سروودێک لەژێر ناوی» جەژنە جەژنی کوردستانە» پێشکەشی بەشداربووان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، کورتە شێعرێک بە زاراوەی «کەلهوڕی» لەلایەن «ساحیل خادمی»یەوە پێشکەش کرا.

پاشان لاوکێک بە زاراوەی «بادینی» لەلایەن «شێرعەلی»ـەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، پێشەکی کاک «عوسمان ڕەحمانی» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شێعرێکی بە سۆز و دواتر گۆرانییەکی لەژێر ناوی» نەورۆز» بە دەفژەنینی «سامان دێهناد» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دواتر لەلایەن پۆلێک لە پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکان، تابلۆیەکی هەڵپەڕکێ پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لەلایەن «فاتیح حەیرانی، مەهناز چگین، ڕوقیە سەمەدی و نوسرەت ئەحمەدزادە»وە ڕادەستی چوار منداڵی بنەماڵەی شەهیدان «چالاک ئیسماعیلی، ڕێباز و هەنار خزری و جیهان عەزیزی» کرا و ئەو ئاگرە لەلایەن ئەو کەسانەوە هەڵ کرا.

بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی کوردەواری کۆتایی پێهات.

# جێژنی نەورۆز لە کەمپی دێگەڵە بەڕێوە چوو

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ڕێوڕەسمی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی سەری ساڵی نوێی کوردی لە کەمپی دێگەڵە و لە دوو بڕگەدا بەڕێوەچوو.

بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە کەمپی دێگەڵەی حیزبی دێموکرات بە بەشداری ئەندامانی بەڕێوەبەریی کەمپ و کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو.

لە بڕگەی یەکەمدا ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەورۆزی «ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە» دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی یەکەی بەڕێوەبەریی کەمپ لەلایەن بەڕێز عەلی سۆرانی بەرپرسی کەمپ پێشکەش کرا.

ناوبراو لە سەرەتای پەیامەکەیدا باسی لەوە کرد: بەدرێژایی مێژوو، دوژمنانی کورد هەوڵیان داوە، نەتەوەکەمان و کولتوور و ڕەسەنایەتیمان لە مانا بەتاڵ بکەنەوە و تووشی لەخۆنامۆبوونمان بکە. بەڵام بە شانازییەوە خەبات و خۆڕاگری ئێمەی کورد، لە زۆربەی قۆناخەکاندا، شکستی بەم پیلانەی دوژمنانی کورد هێناوە و ئێمە هەموو ساڵێ شێلگیرانەتر لە ساڵانی پێشوو، لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان، پتەوتر لە جاران و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە لە بەرامبەر دوژمنانمان لە مەتەرێزی بەرگری لە خاک و نیشتمان، فیداکارانە وەستاوین و بەردەوامیش قوربانیمان بۆ داوە و قوربانییشی بۆ بۆ ئەدەین.

عەلی سۆرانی لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: ڕژیم حاکم بەسەرنەتەوەکانی ئیران.بەگرتنەبەری سیاسەتی دەستێوەردان لەکاروباری وەڵاتان وپشتیوانی لەتیروریزم لەجیهان وناوچە،ڕۆژلەدوای ڕۆژ لە ئینزوادایە. کێشە و قە یر ا نە کە لە کە بۆ ە کا نی وەلاتی ئیران لەهەموو بۆارەکانی سیاسی،کۆمەڵایەتی ئابووری ،نیزامی و ئەمنیەتی نیشانە روخانی ئەم دەسەڵاتەیە،هەربۆیەیەکریزی و یەکگرتووی ئێمەی کوردلەگەڵ باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێویستییەکی حاشاهەڵنگرە.

پاش پەیامی یەکەی بەڕێوەبەریی دێگەڵە، شێعرێک لەژێر ناوی «نەورۆز» لەلایەن شاعێری لاو، «ڕامیار شامۆرادی»یەوە پێشکەش بە ڕێوڕەسمەکە کرا.

دواتر لەلایەن هادی عەزیزی، شارەزای بواری مێژوو باسێک لەسەر دیرۆکی نەورۆز و پێوەندی بە گەلی کورد پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان، خوێندکاران و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن پێشەوا مەردانی بەرپرسی کۆمیتەی خوێندکارانی دێگەڵە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی هەندێ سروود و گۆرانی تایبەتی نەورۆزی ڕازێندرایەوە بڕگەی دووهەمی ئەو ڕێوڕەسمە بریتی بوو لە کردنەوەی ئاگری بڵێسەداری نەورۆز کە لەلایەن بەڕێزان بداغ بداغی مامۆستای فێرگەی فەرماندەیی و خاتوون شەریفیان، هاوسەری شەهید حسەین ستەمدیدە ئاگری نەورۆزی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٧٢١ی کوردی هەڵ کرا کە هاوکاتیش سروودی «جێژنە جێژنی کوردستانە» پێشکەش کرا.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی نەورۆزەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە

**کۆمەڵانی خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

ئەمساڵیش لە کاتێکدا بەرەوپیری نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی کورد و وەرزی ژیانەوەی سروشت دەچینەوە کە کوردستان هێشتا لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتێکی تاوانکاری خولقێنەری هەموو جۆرە کارەسات و زەبروزەنگ و دیکتاتۆرییەکدایە، بەڵام هاوکات لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکە لە مێژووی خەبات و ڕاپەڕین و بەرەنگاریی گەلانی ستەملێکراوی کوردستان و ئێران لە بەرانبەر ئەم سیستمە ئازادیکوژەدا هەڵدرایەوە.

ساڵێک کە تێپەڕی، درێژەی زیاتر لە چوار دەیە داپڵۆساندن و چەوساندنەوە و کەمتەرخەمی بەرانبەر بە ماف و داخوازییە مرۆییەکانی گەلانی ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بوو.

لە ساڵی ڕابردوودا سەرکوتەکان، پێشێلکارییەکان و دڕندایەتیی هێزی سەرکوتکەر، سووکایەتی بە کولتوور و داب و نەریتی خەڵکی کوردستان لە کاناڵە میدیاییەکانی ڕێژیم، دروستکردن و بڵاوکردنەوەی چەندین گرتەی ویدیۆیی دەستکردی پڕ لە ناڕاستی و بوختان و چەواشەکاری بەرامبەر مێژووی پڕ لە شانازی و سەروەریی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و حیزبەکانی وەک دێموکرات و کۆمەڵە، نەک هەر نەیتوانی تۆزقاڵێک لە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و پشتیوانیی جەماوەری مافخوازی کوردستان لە حیزبەکانیان کەم بکاتەوە بەڵکوو بوو بە هاندەرێک بۆ هۆگری زۆرتر و خۆشەویستیی زۆرتریان لە کۆمەڵگای کوردستان.

**کۆمەڵانی تێکۆشەری کوردستان!**

ئەمساڵ لە پاڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەهۆی دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی بەسەرماندا سەپا، پەتا عالەمگیرەکەی کۆرۆنا و سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم و ناکارامەیی و کەمتەرخەمی سەرسووڕهێنەریان لە ئاست سڵامەتی و پاراستنی گیانی سەرجەم خەڵکی ئێران، ژیانی خەڵکی کوردستانی بە ڕادەیەکی بێوێنە سەخت و دژوارتر کرد. کەمتەرخەمی و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانە لەهەمبەر گیان و سڵامەتیی هاووڵاتییان وای کردووە کە زۆرکەس بەو دەرئەنجامە بگەن کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران هیچ پەلەیەکی نییە بۆ ئەوەی ئەم پەتایە چارەسەر بکرێت.

هەرچەند دەرمان و کاڵا پزیشکییەکان لە لیستی گەمارۆکانی ئامریکادا نین، بەڵام بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بەنیسبەت ناوخۆ و دەرەوەی خۆشیەوە، تا هاتووە دواودەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بە تایبەت بۆ نەخۆشینە تایبەتەکان زیاتر ڕوو لە کەمی و گرانبوونی زیاتر کردووە، بە جۆرێک کە پێداویستییە دەرمانییەکان ۳۰۰ بۆ ۴۰۰ لەسەد گران بووە کە ئەمەش بووەتە هۆکاری مەرگی ئەو کەسانەی کە نەخۆشینی تایبەت و درێژماوەیان بووە.

تا ئێستاش ڕێژیم هیچ هەنگاوێکی پێویستی بۆ پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە هەڵنەگرتووە و بگرە بەبێ گوێدان بە ڕێنوێنییە تەندروستییەکان مامەڵەی لەگەڵ کردووە. بە حەرام زانینی هێنان و کوتانی ڤاکسێنی فایزێری ئەمریکی یەک لەو چەواشەکارییانەیە کە بەرپرسایەتیی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری قوربانییانی نەخۆشی کۆرۆنا دەخاتە ئەستۆی ڕێژیمی ئێران. ڕێژیم بە ناوی مودیریەتی قەیرانەوە خەریکی میلیتاریزەکردنی زیاتری کۆمەڵگا و خوڵقاندنی تاوانێکی دیکە دژ بە مرۆڤایەتییە و پێویستە ئازادیخوازان و خەڵکی وڵاتەکەمان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست ئەو سیاسەتە دژەمرۆییە لەقاو بدەن. ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین کە بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، یارمەتیدەری هەوڵەکان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەم پەتایەدا بن.

جێگای خۆیەتی زۆر سپاسی کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان بکەین کە لە ڕاستیدا پێشمەرگەی سپی پۆشی ئەم نەتەوەیەن و لەو ماوەیەدا بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردن ئەرکەکانی خۆیانیان بەجێ گەیاندووە و لەم پێناوەشدا بەشێکیان گیانیان لەدەست داوە.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

لەپاڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەدا، کوشتنی دەیان کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی سەرسنوور، تەقەی ڕاستەخۆ لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گرتن و دەسبەسەرکردنی چەند سەد کەس لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، سەرهەڵدان و زیاتربوونی چەندین دیاردەی ناشیرینی وەک خۆکوشتنەکان و هاتنە خوارەوەی ڕێژەی تەمەنی قوربانییان لە کچان و کوڕانی تەمەن ۹ ساڵانەوە بگرە تا دەگاتە ژنان و پیاوانی بەساڵاچوو، چوونەسەرەوەی کرێ خانوو و پێکهاتنی دیاردەی هاومالّی، زۆربوونی ڕێژەی منداڵانی کار، فرۆشتنی گورچیلە و بەشەکانی دیکەی جەستە، فرۆشتنی منداڵانی کەم تەمەن و کارتۆن خەوی لەو دیاردانە بوون کە بەهۆی کەمتەرخەمی و خراپ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا تا هاتووە زیاتر بوون.

ڕێژیم بەپێچەوانەی ئەوەی کە بە سەرکوتی خەڵک دەیهەوێت خۆی وەکوو دەسەڵاتێکی بەهێز نیشان بدات، لە هەر دوو ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا دەستەوەستانی و بێ توانایی خۆی لە چارەسەریی کێشەکاندا بە تەواوی دەرخسووە.

لەلایەکەوە ئابووریی ئێران کە پێشتر بەهۆی دەستێوەردانی حکوومەت و دامەزراوەکانی ژێر فەرمانی ڕێبەر و گەندەڵی و تاڵانی سەرمایەکانی وڵات لەلایەن کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمەوە لە دۆخێکی قەیراناویدا بووە، لەوەش زیاتر تووشی داتەپین و کورتهێنانی بودجە بووە کە ئەوەش لە تەنیشت تێچووی سەرسووڕهێنەری ئاژاوەگێڕییە نێودەوڵەتییەکانیان، تاڵانچییەتیی بەرپرسان، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گرانی، دابەزینی نرخی تمەن، بێکاری و هەژاری و ... کە ئاکامەکەی دەیان قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بۆ خەڵکی بێ دەرەتانی ئێران و کوردستانی لێکەوتووتەوە. لە هەمان کاتدا تەنانەت لە وڵاتانی ناوچەکەشدا خەڵک زیاتر لە ڕابردوو، لە سیاسەتی داگیرکارانە و ناوەرۆکی کاولکەر و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی تێگەیشتوون و ئیدئۆلۆژیی ئایینیی ئەو ڕێژیمە چیدی توانای ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک و فریودانی بیروڕای گشتیی گەلانی ناوچەی نەماوە، هەر بۆیە لە لوبنانەوە تا سووریە و بەتایبەتی شەقامی شارە شیعەنشینەکانی عێراق شاهیدی داڕمانی ڕەوایی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی بووین کە پێشتر لەژێر دەمامکی پاراستنی شوێنە پیرۆزە ئایینییەکان و شەڕی تێرۆردا پێگەیەکی لەنێو بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ خۆی دەستەبەر کردبوو، بەڵام ئێستا لە ڕووی ئیدئۆلۆژیکەوە بە تەواوی ڕەنج بە خەسار و مایەپووچ دەرچووە. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆک‌کۆماری لە ئێران کە لە وەرزی یەکەمی ساڵدا بەڕێوە دەچێت، ناوەندی بڕیار لە کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە سەر ئەو ڕایە کە پێویستە هەموو دەسەڵاتەکانی وڵات و یەک لەوان دەوڵەت پتر یەکدەست ببێت، بە تایبەت کە ئەگەری مەرگی خامنەیی و پرسی هەستیاری جێگرەوەی ناوبراو لە ڕوانگەی ئەوانەوە زەروورەتێکی ئەوتۆ دەخوازێت.

ئەوەش لە کاتێکدا کە یەکتر تاوانبارکردنی کاربەدەستانی ڕێژیم بە گەندەڵیی سیاسی و ئابووری و لەهەڵڵادانی یەکترهیچ شکۆ و شەرعییەتێکی بۆ ئەم ڕێژیمە نەهێشتووەتەوە.

**کۆمەڵانی تێکۆشەر و خەباتکار!**

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بەربەرەکانێ لە دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوخۆی ئێران تا هاتووە زیاتر بووە. ناڕەزایەتییەکانی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا وەک کرێکاران، ژنان، مامۆستایان، وەرزێران، کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و ئێتنیکییەکان هەروا بەردەوام بووە و بێگومان ئەوە هێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و یەکگرتووانەی ئێوەیە کە لە ساڵی داهاتوودا دەتوانێت ڕێژیم بۆ هەمیشە لە چەقی قەیرانەکانیدا نوقم بکات و بەرەو هەڵدێری نەمانی ببا.

با هەموومان ئەمساڵ فەلسەفەی نەورۆز وەکوو هێمای ژیانەوە و ڕاپەڕین، بکەینە چرای ڕێگای ژیان و خەباتمان و بە تێکۆشان و گیانبازیی زیاتر، یەکڕیز و یەکگرتوو تا ڕووخاندنی ڕێژیم و بنیاتنانی داهاتوویەکی دوور لە ئازار و ستەم و چەوسانەوە بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو، لە سەنگەری خەباتدا پتەو ڕاوەستین و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی ئازادیخوازانە، شان بە شانی گەلانی دیکەی ئێران یەک جار بۆ هەمیشە کۆتایی بە مۆتەکەی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی مرۆڤکوژ و کاولکەری کۆماری ئیسلامی بێنین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز و سەری ساڵی نوێ لە گەلی کورد و سەرجەم ئازادیخوازانی گەلانی ئێران، لەگەڵ شەهیدانی ڕێگای ئازادی، یەکسانی و ڕزگاریی وڵاتەکەمان پەیمان نوێ دەکاتەوە کە تا وەدیهێنانی ئاواتەکانیان و بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک و دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان، لە سەنگەری گیانبازی و تێکۆشاندا بەردەوام بێت.

**سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی**
**سڵاو لە ئیرادەی پۆڵایینی زیندانییانی سیاسی**
**سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی**
**سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**نەورۆزی ۱٤۰۰ی هەتاوی**
**۲۷۲۱ی کوردی**

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەبۆنەی ۲٤ی ڕەشەمە

ژنانی ئازادیخوازی کوردستان!

۷۵ ساڵ بەر لە ئێستا، هەلومەرج و قۆناغێکی سیاسی ـ مێژوویی تایبەت بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕەخسا. بەرهەمی ئەو قۆناغە، دامەزراندنی یەکەمین کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد بوو.

کۆماری کوردستان لە ماوەی تەمەنی ۱۱ مانگی دەسەڵاتداریی پڕ ئەزموونی خۆیدا گەلێک دەسکەوتی گەورە و بەنرخی لە مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد. یەکێک لەو دەسکەوتە زێڕینانە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو لەسەر بنەما فیکری و سیاسییەکانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد کە بە بیر و ڕامانی پێشکەوتنخوازی و ئینسانییەوە هەستی بەو بۆشاییە مێژووییە لە بەشداریی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا کردبوو.

هاوکاتیش لەو قۆناغەدا هەستی بە پێویستیی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنانی کوردی کردبوو و بەتایبەتی دەیزانی کە بەبێ بەشداری و چالاککردنی ژنان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگای کوردستان لەگەڵ بۆشاییەکی گەورە بەرەوڕوو دەبێت و ڕێگای پێشکەوتنی ئەستەم دەبێت؛ چون کۆمەڵگای ئەو کات، کۆمەڵگایەکی داخراو و نەریتی بوو بۆ ژنان.

ژنان لەو دەورانەدا لەگەڵ نەخوێندەواری و نەبوونی دەرەتانی ئازاد بۆ خۆ پێگەیاندن و بردنەسەری ئاستی ڕۆشنبیری بەرەوڕوو بوون. ئەمەش ئاستەنگێکی گەورەی لە بەردەم ژناندا دروست کردبوو. هەر بۆیە لەلایەن ڕێبەرانی کۆمارەوە بەستێنەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئامادە کرا و بە فەرمی لە ڕۆژی ۲٤ی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاویدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا و دەستی بە تێکۆشانی خۆی کرد و هاوکات «مینا خانمی قازی» واتە هاوژینی بەئەمەگی پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکەمین بەرپرسی ئەم ڕێکخراوەیە دیاری کرا.




ژنانی مافخواز و تێکۆشەر!

لە کاتێکدا یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، بە قۆناغێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت. خەبات و تێکۆشانی ژنانی جیهان شکڵێکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە و ژنانی کورد زیاتر لە پێشوو لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا لە مەیداندان و لە هەموو دامەزراوەکان ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن و شان بە شانی پیاوان بەرەوپێش دەڕۆن.

هاوکات خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای بەربەست و سەرکوتەکانی کۆماری ئیسلامی، وێڕای خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ گۆڕینی یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی بەرچاو بووە و هەموو کات پێشەنگی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی لە ئێراندا بوون و خۆڕاگرانە بەربەرەکانێ بۆ مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن و لە پەنای ئەوەشدا، مەسەلەی نەتەوایەتییان لە بیر نەکردووە و قوربانییان بۆ داوە.

هەر بۆیە هەمیشە هێزی سەرەکین لە هەر جموجۆڵێک کە باس لە گۆڕانی ئەم ڕێژیمە دەکەن و هاوکات زۆرترین قوربانییان لەو پێناوەدا داوە.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش دەسبەسەرکرانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان کە ژمارەیەکیان ژنانی ئازا و خۆنەویست بوون، یاخود سەپاندنی حوکمی ناڕەوای ٥ ساڵ زیندان بۆ زارا محەممەدی، تەنیا بە تاوانی وتنەوەی وانەی زمانی دایکی، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە ژنی کورد چۆن توانیویەتی بە ئەنجامدانی ئەرکە سەرەتاییەکانی خۆیان بەرامبەر بە نەتەوە و مافی یەکسانیی ڕەگەزی، دوژمن وەزاڵە بێنن.

هەر لەو بۆنە پیرۆزەدا جێی خۆیەتی کە سپاس و پێزانینی خۆمان بۆ پشتگیری و ڕێنوێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین کە هەر دەم پشتیوانێکی بەهێزی ڕێکخراوەکەمان بووە بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازیی ژنانی کوردستان.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە هەموو ئێوەی بەڕێز و ژنانی کوردستان دەکەین.

**سەرکەوتن بۆ خەباتی یەکسانیخوازیی ژنان**
**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**۲٤ی ڕەشەمەی ۱۳۹۹ی هەتاوی**
**۱۳ی مارسی ۲۰۲۱ زایینی**

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سێمینارێکی بەبۆنەی ۸ی مارس بەڕێوە برد

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، سێمینارێکی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە برد.

سەرەتای سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر کۆڕگێڕی سێمینارەکە کورتەیەکی سەبارەت بە ڕۆژی ۸ی مارس پێشکەش کرد و داوای لە «ڕووناک فەتحی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات و چالاکی بواری ژنان کرد کە بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکەی ئامادە ببێت.

«فەتحی» بابەتێکی تێر و تەسەلی لەسەر ئەو ڕۆژە بە ناونیشانی «ڕۆڵی ژنی کورد لە خەباتی شار»دا باس کرد، هەروەها تەرکیزی خۆی خستە سەر دەور و ڕۆڵی ژنان لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد.

ناوبراو باسی لەوە کرد کە ژنی کورد بە ئامادەبوون و پاڵپشتییان لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەیی هەوڵیان داوە خەباتە چینایەتییەکەیان بە خۆسەلماندنیان لەو ڕەهەندەوە بەرەو پێش بەرن.

«ڕووناک فەتحی» ئاماژەی خستە سەر بەربەستەکانی بەردەم ڕێگای ژنان بۆ پێگەیشتن بە ئامانجەکانیان. ناوبراو باسی لەوە کرد کە یەکێک لە کۆسپەکان دەسەڵاتە داگیرکەرەکانن چونکە هەوڵیان داوە کە شۆڕشی کورد تەنیا لەنێو هێزە شۆڕشگێڕەکاندا پێناسە بکەن و لە دەرەوەی سنوورەکان سەرکوتی بکەن.

بەشی کۆتایی سێمینارەکە تایبەت بوو بە ڕا و بۆچوونی بەشداربووانی سێمینارەکە کە لەلایەن «ڕووناک فەتحی»یەوە بە وردی وڵام درانەوە.

## درێژەی پەیف

بووە و ئاگری پیرۆزی نەورۆز بڵێسەی مەشخەڵی هیوای پڕتر و ڕیزی ڕۆڵە گیان لەسەردەستەکانی چڕتر کردووە. نەورۆزی ۲۷۲۱ی کوردی، ژیانەوەی هیوایە لە کوردستان و تێزایینی کانیاوە لە شاخەکان و ڕیژنەی مزگێنیی داهاتوویەکی جیاوازە بۆ منداڵانی شار. نەورۆز، هیوا بە بەردەوامیی ژیان و کڵپەسەندنەوەی کوورەی خەبات ڕوونتر و گڕدارتر دەکا. نەورۆزی ۲۷۲۱ی کوردی، نەورۆزی ژیانەوە و بەرپاکردنەوەی شۆڕشی ژیان لە نیشتمان و بونیاتنەرانی و بەتایبەت لە هەموو ئەویندار و ئۆگرانی ڕاسان پیرۆز!

# ڕێوڕەسمی ٢٤ی ڕەشەمە لە جێژنیکان بەڕێوە چوو

بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کەمپی جێژنیکان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو. سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» لەلایەن گرووپی سروود دەستی پێکرد. پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان ڕاگەیەندرا. لە بڕگەی یەکەمی ئەو ڕێوڕەسمەدا بۆ ناساندن و وەبیرهێنانەوەی کەلەپووری کوردی، لەلایەن ژنە دەسترەنگینەکانی کەمپی جێژنیکانەوە خواردن و چێشتی ڕەسەنی کوردەواری ئامادە کرابوو. پاشان لەلایەن «شنە دروودگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی ئەو یەکیەتییە بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە خوێندرایەوە. دواتر سروودێک لە ژێر ناوی «خەباتی ژنان» لەلایەن گرووپی سروودەوە پێشکەش کرا.



لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.
لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا «زەکیە سدقی» پەخشانێکی لەژێر ناوی «ژنانی نێو شۆڕش» و خاتوو «گرینگ پیرۆتی» بابەتێکی لەژێر ناوی «سڵاو لە ژنە کورد» پێشکەش کرد. هەروەها «مێهرەبان دێهقان» بە گۆرانیی «ئەز کچم کچا کوردانم» و «هیوا باتووتە» بە گۆرانییەک لەژێر ناوی «دایە»، ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە. لەو ڕێوڕەسمەدا بۆ ڕێزگرتن لە ٣٢ ژنی شۆڕشگێڕ کە بە درێژایی ٢٠ ساڵ لەنێو ڕیزەکانی خەباتدان، لەلایەن کۆمیتەی ژنانی جێژنیکانەوە جامانە و گوڵیان پێشکەش کرا. ئەو دیارییە لەلایەن «مرواری مەولوودی، لەیلا ڕەبانی، مەهناز چگین و ئامین ئازەرمێهر» پێشکەشی ئەو ژنانە کرا.

# کۆمیتەی زاگرۆس سێمینارێکی لەسەر کولتووری دێموکراتیک و ئەتیکێتە سیاسییەکان بەڕێوەبرد

کۆمیتەی زاگرۆسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەر بە دەزگای ڕێکخستنی حیزب، سێمینارێکی لەسەر کولتووری دێموکراتیک و ئەتیکێتە سیاسییەکان بۆ ئەندامانی کۆمیتە، کادر و پێشمەرگەکان بەڕێوە برد. کۆمیتەی زاگرۆس لە زنجیرەی کار و چالاکییەکانیدا، سێمینارێکی بۆ دوکتور «میرۆ عەلیار» ئەندامی ناوەندی سیاسی و جێگری بەرپرسی ناوەندی سیاسی پێک هێنا. بابەتی ئەو سێمینارە تایبەت بوو بە کولتووری دێموکراتیکەکان و ئێتیکەتە سیاسییەکان و کولتووری یەکتر قبوولکردن. دوکتور «عەلیار» لە بابەتەکانی خۆیدا بە وردی پەرژابووە سەر چۆنیەتیی پێکهاتنی کولتوور و سەرنجی خستە سەر ئەوەی کە کولتوور بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا دێت و جاری وایە نامێنێت یان پێچەوانەوە دەبێتەوە یان کولتوورێکی نوێ بەدی دێت. ناوبراو لە بەشێکی قسەکانیدا وتی کە جیاوازی لە کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو کۆمەڵگایە و حاشاهەڵنەگرە کە جیاوازی کێشەش لەگەڵ خۆی دێنێت و ئێمە دەبێ ڕێگاچارە بۆ چارەسەریی ئەو کێشانە ببینینەوە، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییانە بکەین بە دەرفەت. ناوبراو وەک ڕێگاچارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیاوازی لە کۆمەڵگادا ڕایگەیاند کە ئێمە دەبێ فێری فەرهەنگی یەکتر قبوولکردن و کولتووری دێموکراتیک ببین. دوکتور «عەلیار» هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دایکی کولتووری دێموکراتیک ڕێزگرتنە لە بیر و باوەڕی جیاواز؛ ئەگەر توانیمان ئەوە ڕەچاو بکەین واتە بناخەی بنەمایەکی پتەوی دێموکراتیکمان داناوە. کۆتابەشی سێمینارەکە تایبەت بوو بە ڕەخنە و پێشنیار و ڕا و بۆچوونی بەشداربووانی سێمینارەکە کە لەلایەن دوکتور «میرۆ»وە وڵام درانەوە.



# شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر هاوکارییەکانی نێوانیان جەختیان کردەوە و پێداگرییان کرد کە دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد بۆ بەرەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکانی سەر کورد و کوردستان یەکڕیز و هاودەنگ بن.
لە دیداری نێوان شاندەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و حیزبی دێموکراتدا ڕێگاکانی هاوکاری و هاوپێوەندیی زیاتر تاوتوێ کرا. ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی، شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان بە سەرپەرستیی «بەختیار عومەر»، ڕێکخەری مەکتەبی پێوەندییە سیاسییەکانی گۆڕان، سەردانی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری»، بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکان، پێشوازیی لێ کرا.
لە سەرەتای ئەو دیدارەدا «قادری» وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، باسێکی کورتی لەسەر مێژووی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو لا و گرینگیی ئەم جۆرە دیدارانە لە هەلومەرجی ئێستادا پێشکەش کرد. بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات وێڕای شرۆڤەیەکی ورد لەسەر پرسی کورد بەگشتی و بەتایبەتی لە دوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوخەباتیی نێوان هێزە سیاسییەکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەختی لەسەر پێویستیی هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکڕیزیی نەتەوەیی لەنێوان خەڵک و هەموو لایەنەکاندا بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکانی سەر کورد و کوردستان کردەوە. لە درێژەدا «بەختیار عومەر»، وێڕای دەربڕینی سپاس و خۆشحاڵیی خۆی و شاندی هاوڕێی لە پێشوازیی گەرمی هەیئەتی حیزب، باسێکی لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و هەلومەرجی بزووتنەوەی کورد و هەرێمی کوردستان پێشکەش کرد. لەو دیدارەدا هەیئەتەکانی هەر دوو لا وێڕای شرۆڤە و لێکدانەوەی دوایین ئاڵوگۆڕەکان، هاوئاهەنگی و هاوکاریی دۆستانەی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە پێویستییەکی بێ ئەملا و ئەولا زانی. لە کۆتایی ئەو دیدارەدا شاندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی گۆڕان وێڕای پێداگری لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای هاوبەش بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، جەختیان لەسەر بەردەوامیی هاوکاریی دوو لایەنەی نێوانیان کردەوە.

# ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەیی نەتەویی کوردستاندا بەرز نرخێندرا



شاندی دەستەی دەستپێشخەری کۆنفڕانسی نیشتمانیی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد و لەو دیدارەدا باس بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان کرا. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی شاندێکی دەستەی دەسپێشخەری کۆنفڕانسی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی «سمکۆ ڕەشید» سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لەلایەن وەفدێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی «حەسەن شەرەفی «جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.
سەرەتا، شاندی میوان مەبەستی سەردانەکەیان کە پێکهابوو لە بەرنامەی کار؛ بۆ لێکنزیکردنەوەی هێز و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانی ڕوون کردەوە. دواتر «شەرەفی» وێڕای سپاس و پێزانین لەمەڕ هاتنی شاندی میوان باسێکی سەبارەت بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات لە پەیوەندی بە پاراستنی باڵای بەرژەوەندییە نەتەویی و نیشتمانییەکاندا پێشکەش کرد. جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بە سەرجەم ئەو کردەوانەی حیزب کرد کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا بە مەبەستی برەو پێدان بە پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ئەنجامی داوە و هاوکات ستراتیژیی نەگۆڕی خۆی؛ بەرژەوەندی نەتەوەیی، لە هەموو بەشەکانی کوردستانی پێش هەر چەشنە بەرژەوەندیی حیزبیی خۆی داناوە.
«شەرەفی» وەک نموونە ئاماژەی بە پەیوەندییەکانی حیزب لە سەردەمی ڕێژیمی پێشووی عێراقدا کرد کە سەربەرزانە بەڕێوەی برد و لەسەر حیسابی هیچ لایەنێک نەبوو. شاندی میوان دەور و ڕۆڵی حیزبی دێموکراتیان لە بزوتنەوەی نەتەوییی کوردستاندا بەرز نرخاند و سپاسی پێشوازیی گەرمی حیزبیان کرد.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات و پارتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە کۆ بوونەوە

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی نوێنەرایەتیی پارتی دێموکراتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە لە هەرێمی کوردستانی کرد.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەلایەن «عەلی شەمدین» ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری پارتی پێشڤەرۆ لە هەرێمی کوردستان بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.
لە دیدارەکە باردۆخی کورد لە هەموو بەشەکان و بەتایبەت کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات خرایە بەر باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.
لە دیدارەکە کە جارێکی دیکە «هیجری» بەداخبوونی خۆی بۆ نەمان و لەدەستدانی ماموستا «حەمید دەروێش» دەربڕی و کۆچی دوایی ناوبراوی بە خەسارێکی گەورە بۆ پرسی کورد و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژئاوا زانی.
ڕێبەری شەهید دوکتور «قاسملوو» پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ماموستا «حەمید دەروێش» هەبووە و ساڵانێکی زۆرە هەر دوو حیزب وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردانیان، پەیوەندییەکی دۆستانە و نزیکیان هەیە و بەمەستی پاراستنی بەرژوەندیی باڵای گەلەکەمان بەردەوام جەختیان لە بەهێزترکردنی ئەم جۆرە لە پەیوەندی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا کردووەتەوە.



# چالاکیی تەبلیغی لە کوردستان

### ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نووسینی دروشم چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. تێکۆشەرانی دێموکرات لە شوێنەکانی وەک: ‹‹ڕێگای گوندەکانی ئاغەڵیان، سریلاوا، پیروەلی باغ، ڕێگای حوسێن مامە بۆ قاڕنجە و جادەی بۆکان بۆ میاندواو›› ئەو چالاکییەیان ئەنجام داوە. ڕۆڵە بەجەرگەکانی دێموکرات لەو چالاکییەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان و جامانەیان هەڵ کرد و دروشمەکانی: ‹‹بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی قاسملوو، بژی پێشمەرگە و سەرکەوێ ڕاسان››یان نووسیوە.
ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی جۆراوجۆر ئامادەیی خۆیان بۆ هەرچەشنە ئەرکێکی حیزبی دووپات دەکەنەوە و بە دوژمنانی گەل دەیسەلمێنن کە هەتا وەدەیهاتنی ئامانجەکان دەست لە تێکۆشان هەڵناگرن.

### ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە قوروە ئارمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان هەڵ کرد


ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری قوروە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بۆ جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بە حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا، ئارمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لەسەر دەرگای پایگای بەسیجی چەمران لەنێو شاردا هەڵ کرد. ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ئامادەیی خۆیان بۆ هەرچەشنە ئەرکێکی حیزبی دووپات دەکەنەوە و بە دوژمنانی گەل دەیسەلمێنن کە هەتا وەدەیهاتنی ئامانجەکان دەست لە تێکۆشان هەڵ ناگرن.

### بەبۆنەی ساڵی نوێ لە گوندی سینگان سەر بە شنۆ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی سینگانی سەر بە شنۆ بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو چالاکییە بە نووسینی دروشم لە کۆڵانەکاندا بەڕێوە چووە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە خەڵکی ڕۆژهەڵات و گەلی کورد، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

### لە کێوی سەربەرزی «تەرەغە»ی بۆکان و «سەهۆڵان»ی مەهاباد، بەبۆنەی هاتنی نەورۆزی ٢٧٢١ی کوردییەوە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

لەو چالاکییەدا و لە چەند شوێنی جیاواز، ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵ کرا. تێکۆشەرانی دێموکرات بە دانانی شیرینی، تراکت و پۆستێری ڕێبەرانی شەهید، پێشەوا قازی، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، لەسەر ڕێگای هاتوچۆی میوانان و خەڵکی شار، کێوەکەیان زیاتر ڕازاندبووەوە.
لەلایەکی دیکەوە لەسەر ڕەوەزە بەردەکان دروشمەکانی «سڵاو لە حیزبی دێموکرات، هێزی ١١٠ی بەیان، ڕاسان، سڵاو لە ڕاسانی شار و شاخ»یان نووسیبوو.



# پەیامی نەورۆزیی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



**هاونیشتمانیانی خۆشەویست، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان،**

ئێمە لە هەلومەرجێکدا بەرەپیری نەورۆز و ساڵی نوێی ١٤٠٠ی هەتاوی دەچین کە قەیرانە کەڵەکەبووەکان و چارەسەرنەبوونیان، لە درێژە و ئاکامی سیاسەتەکان و بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو ئەزموونە تاڵەیە، کە نەک تەنیا نەتەوەکانی بندەستی ئەم وڵاتە، تەنانەت وڵاتان و گەلانی ناوچەکەش لێی بێبەری نەبوونە.

متمانەی کۆمەڵایەتی، یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لەسەرخستنی حکومەتەکان بۆ مودیرییەتی قەیرانەکان دەور دەگێڕێت؛ بەگوێرەی ڕاپرسییەکی شارەوانیی تاران، نیوەی هاووڵاتیان باوەڕیان بە ئامار و بڕیاری ڕێژیم نییە، کەوایە ڕێژیم لەو بوارەشدا لە قەیرانی زۆر قووڵدایە.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا لە ئێران ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسەیان بە درەنگی ڕاگەیاندووە. بێگومان قەیرانی کۆڕۆنا، یەکێک لەو ڕووداوانەیە کە سەرەڕای زیانی گیانی و ماڵی، کاریگەریی هەمەلایەنەی لەسەر بوارەکانی دیکەش هەبووە.

ئەگەر کێشە و قەیرانەکانی پێشووتری ئێران بە بنەما وەربگرین، ساڵی ١٣٩٩، ساڵێکی پڕ لە کارەسات و قەیراناویتر هەژمار دەکرێت.

ڕێژیم هەر لەسەرەتاوە، پەتای کۆڕۆنای وەک دیاردەیەکی ئەمنییەتی و تەبلیغی نیشان دا. بەپێچەوانەی بانگەشەی بەرپرسانی باڵای سپای پاسداران لە پەیوەندی لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی بونیادین، ئێستاشی لەگەڵ بێت، ڕێژیم نەیتوانیوە شوێنەواری ماڵوێرانییەکانی ئەم پەتایە بشارێتەوە.

یەکێک لە پێوەرە جیهانییەکان بۆ بەراوردی ڕێژەی خۆشبژیویی وڵاتان، پێوەری لێگاتۆمە. بەگوێرەی ئەم پێوەرە، دۆخی خۆشبژیویی وڵاتان بەپێی ١٢ خاڵ، (ئاسایش، ئازادیی تاکەکەسی، حوکمڕانی، سامانی کۆمەڵایەتی، وەبەرهێنان، هەلومەرجی کاروکاسبی، ژێرخانەکان، کەیفییەتی ئابووری، هەلومەرجی ژیان، تەندروستی، ژینگە و پەروەردە) هەڵدەسەنگێندرێت. بەگوێرەی دوایین بەراوردی ئەنستیتۆی لێگاتۆم، ئێران لە نێوان١٦٧ وڵاتی جیهان، پلەی ١٢٠ەمی هەیە.

بەپێچەوانەی ئیدیعای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، لە هەموو ئەو ساڵانەی کە وڵات لە ژێر فشاری گەمارۆکاندا بووە، نە ئابووریی ئەم وڵاتە گەشەی بەخۆوە بینیوە و نە کرانەوەیەک بەرەو باشتربوونی ژیانی خەڵک بینراوە. سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم بووەتە هۆکاری گەمارۆی چەندلایەنە لەسەر ئابووریی ئێران و گەندەڵیی پێکهاتەمەندی نێو ڕێژیمیش وای کردووە کە بێ‌هیوایی بە ژیانێکی سەردەمیانە لە تەمەنی دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمەدا ڕوو لە خەڵک بکات.

لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام، ئابووریی ئێران لە قەیرانێکی بێوێنەدایە کە تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق قووڵتر و زیانەکانی بەربڵاوترن. کەمبوونەوە یان لەدەستچوونی داهاتی نەوت، هۆکاری کورتهێنانی بودجەیە. ئاستی گشتیی نرخەکان بەشێوەی نێونجی دووقات زیادی کردووە، نرخی تمەن چەندقات دابەزیوە، قەوارەی ئابووریی وڵات چووکەتر بووەتەوە و توانای ئابووریی هاووڵاتی لە ساڵی ١٣٩٩دا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پێشتر ٢٥٪ کەمی کردووە.

لە ساڵی ڕابردوودا بودجەی ڕێژیم تووشی کورتهێنان هات و ئەوەش وای کردووە زەختێکی لەڕادەبەدەر بۆ خەڵک بێنێ بۆ ئەوەی باجی ساڵانی پێشوو کۆ بکاتەوە؛ ئەوە لە کاتێدایە کە پەتای کۆڕۆنا بە تەواوی بازاری تێک داوە و بەپێی ئامار، خەڵک لە چاو ساڵی ڕابردوو ٧٪ هەژارتر بوون، لە ئەمساڵدا بەهۆی کۆڕۆناوە سێ میلیۆن کەس پیشەکەیان لە کیس چووە و چارەنووسی پیشەی پێنج میلیون کەسیش هەتا ئێستا ڕوون نییە و حکوومەتیش هیچ پشتیوانییەکی لە بازاڕ و ژیانی ئابووریی خەڵک نەکردووە و هاوکات بازاڕی ڕەش لە ئێراندا تەشەنەی کردووە و گەورەتر بووەتەوە.

ئەمساڵیش بۆ جارێکی تر پارێزگاکانی کوردستان لە ئاستی ئێراندا زیاترین ڕێژەی بێکاری و هەڵاوسانیان هەبووە، لەنێو پارێزگاکانی کوردستاندا، کرماشان زیاترین ڕێژەی بێکاری هەبووە . ئیلام و کرماشان بەپێی ئاماری فەرمی دوو شاری فەلاکەتبارن و هاوکات بەهۆی تێکڕووخانی زیاتری نرخی تمەن و بڵاوکردنەوەی دۆلاری دەوڵەتی لە ناوەندی ئێران، خەڵکی کورد لە چاو ساڵانی پێشوو هەژارتر بوونە.

ژنان دوو بەرابەری پیاوان بوونەتە قوربانیی قەیرانیی ئابووری. لە کەمتر وڵاتیکی جیهان پانتایی کاروچالاکیی ئابووری بۆ ژنان بە ڕادەی ئێران بەرتەسکە. وڵاتیک کە دانیشتوانی ژنی سەرەوەی ١٥ ساڵ، زیاتر لە ٣١ میلیۆنە، ژمارەی ژنانی خاوەنکاری کەمتر لە ٤ میلیۆن و ٤٠٠ هەزار کەسە.

لە ساڵی ١٣٩٩دا، ڕێژەی بێکاریی ژنان ١٤ بەرابەری ڕێژەی بێکاریی پیاوان بووە، لەگەڵ ئەوە پێدەچێت بەپێی دۆخی کۆڕۆنا ڕێژەی توندوتیژیی بنەماڵەیی ڕوو بە ژن، منداڵ و بەساڵاچووان زیادی کردبێت، بەڵام هیچ ئامارێکی جێگای باوەڕ لەو بوارەدا لەبەر دەست نییە.

ژمارەی تووشبووان بە پەتای کۆڕۆنا لانیکەم سێ بەرابەری ئامارە فەرمییەکانە، ژمارەی قوربانییان بەهۆی پەتای کۆڕۆناوە، سێ بەرابەری ئەو ڕێژەیەیە کە ڕێژیم ڕایگەیاندووە. قەیرانی بنیاتی لەشساغی لە کوردستان کاتێ کارەساتەکەی ئاشکرا دەبێت کە دەردەکەوێت ڕێژەی کادری دەرمان لە کوردستان نیوەی ڕێژەی ستانداردی جیهانییە و ڕێژەی تەختی ICUیەک لەسەر سێی ستانداری جیهانییش نییە.

لە پەیوەندی بە ژیانی کرێکاران و چینی هەژاری کۆمەڵگاوە لە ساڵی ١٣٩٩، دەبێت بڵێین بە گوێرەی بەراوردی چالاکانی کرێکاری، زیاتر لە ٩٠٪ی کرێکاران لە ژێر هێڵی هەژاریدان. گوشاری ئابووری بە ڕادەیەکە کە کەیفییەتی ژیان و خۆراکی خەڵک بە بەردەوام لە دابەزیندایە. تەنانەت چینی کارمەندیش هاتوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، هاوکات لەگەڵ ئەوە چینی خانەنشین بەهۆی کەمیی مووچەکەیان و بەهۆی تێکڕووخانی سندووقەکانی بیمە زیاتر لە هەمیشە ژیانیان لە مەترسیدایە. بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا، وای کردووە کە لاسەنگیی چینایەتی ڕوو لە زیادبوون بکات. سەرەڕای ئەوەیکە دەستڕاگەیشتنی دانیشتووانی ناوچە نەتەوەیییەکان بە ئیمکانات و پێداویستیی پزیشکی و تەندروستی بەگوێرەی پێویست نییە، دوای داخرانی قوتابخانە و خوێندنگاکان، کەلێنی دیجیتاڵی و نەبوونی پێداویستیی فێربوون و لاوازبوونی بنیاتی ئینتێرنێت، مەترسیی ئەوەی هێناوەتە گۆڕێ کە منداڵانی کوردستان زیاتر لە ڕابردوو تووشی کەمخوێندەواری و نەخوێندەواری ببن. تەنیا لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ٢٣٠ کۆڵبەر و کاسبکار بەهۆی هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی ڕێژیمەوە کراونەتە ئامانج و لە ئاکامدا ٦٧ کەس کوژراون و ١٦٣ کەسیش بریندار بوونە. لە ٣٤ کەسی مەدەنی کە کراونەتە ئامانج، ١٥ کەس کوژراون و ١٩ کەسیش بریندار بوونە. لە کۆی ٤٠ قوربانیی مین، ١١ کەس کوژراون و ٢٩ کەسیش بریندار بوونە. هەروەها ٢٢٣ حاڵەتی خۆکوشتن (١١٧ ژن و ١٠٦ پیاو) تۆمار کراوە. لە ناوچە نەتەوەیییەکانی دیکە وەک بەلووچستان، کوشتنی کاسبکاران و سەرکوتی خۆپیشاندەرانی شاری سەراوان نموونەیەک لە کۆی گشتیی دۆخی سەرکوتی سیستماتیک و ستەمی چەندقاتە لەم ناوچانەدا.

سەرەڕای دۆخی داڕماوی ئابووری و قەیرانی کۆڕۆنا، لە یەک ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر سیاسەتی هەمیشەیی خۆی واتە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچە، تاقیکاریی مووشەکی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی پێداگر بووە. کۆماری ئیسلامی بە ڕێگای تۆڕێکی بەربڵاو لە هاوپەیمانە میلیشیاییەکان و گرووپەکانی ژێر نفووزی خۆی، شەڕی بە وەکالەتی کردووەتە ئەولەوییەت و کارتێکی گوشار بۆ سەر وڵاتانی ناوچە. هەر لە کاناڵی ئەم هێزانەوە، لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بەردەوام بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئەمریکای لە ناوچەکە کردووەتە ئامانج. دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند وڵاتیکی جیهان هەوڵی تیرۆر و دەستبەسەرکردن و خستنە داوی دژبەرانیان داوە. فەرماندەکانی سپای پاسداران دان بەوەدا دەنێن کە لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا ١٧ میلیارد دۆلاریان لە سامانی وڵات بۆ کاروباری دیپلۆماسی و چالاکیی سەربازی و بەرگری، لە ناوچەکە تەرخان کردووە، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت تەنیا لە ٢٠١٢ بەولاوە، ١٦ میلیارد دۆلاریان بۆ هێزەکانی تێرۆر و هاوپەیمانەکانی تەرخان کردووە. ماهییەتی ئەم پاوانخوازییە کە تاران گرێی داوە بە گوتاری مەزهەبی و ئیدئۆلۆژیکەوە، ئیدی ئێستا لای کۆمەڵگای جیهانی بابەتێکی نامۆ نییە. کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی بەتایبەت لە ناوخۆ، جاری وایە بە فاکتەری مەزهەب، جاری واش بووە بە فاکتەری «شکۆی ئێرانی گەورە»، پشتی بەستووە.

زۆرترین تێچوو، کەمترین دەسکەوت

پاش هەموو ئەو قەیرانانە ئەوەیکە جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە ڕێژیم لە کردەوەدا هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان نانێت، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکییدا. ئەوە خەڵکن کە دەبێت تێچووی سەرەڕۆیییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن.

لە ئاستی ناوچەییدا، هەواڵبەندی و هاوپەیمانیی ژێربەژێر و ئاشکرا لە دژی ڕێژیم لەئارادایە.

نزیکبوونەوەی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانیان کە چاوەڕوان دەکرێ زیاتر پەرە بستێنی لە ڕاستای پاشەکشەکردن بە ڕێژیمە. کرانە ئامانجی «قاسم سولەیمانی»، فەرماندەی سپای قودس، «ئەبوو محەممەد میسری»، کەسی دووهەمی تۆڕی قاعیدە و «مۆحسێن فەخریزادە» زانای ئەتۆمیی ڕێژیم لە تاران، کەلێنی ئەمنی و لاوازیی دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ڕێژیمی زیاتر زەق کردەوە. بێزراویی سیاسەتەکانی ڕێژیم و دەستوەردانی لە وڵاتانی ناوچە لای جیلی نوێ و ڕای گشتی بەتایبەت لە وڵاتانی عێراق و لوبنان و ئەفغانستان کە بە کردەوە لە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندانەکان خۆی نیشان داوە، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیم.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەرنامەی مووشەکیی ئێران کە بووەتە هەڕەشە لە سەر وڵاتانی عەرەبی، ئورووپا و ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچە، لە سەر مێزی دانووستانەکاندایە و ئورووپا و ئەمریکا لە سەری کۆکن. ئەوەی وەک هاوکێشە لەئارادایە، پێناچێ لە بەرژەوەندیی ڕێژیم بشکێتەوە. لە ئەگەری ڕێککەوتن یان بەردەوامبوونی دۆخی هەنووکەیی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ئامریکاش، کۆمەڵێک ئەگەر و ڕووداو چاوەڕوان دەکرێن، بەو سەرنجەوە کە ڕێژیم لە هەر دوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا لە دۆخێکی لاوازدایە و بەرەو لاوازیی زیاتریش دەچێ.

لەم ساڵانەی دواییدا، بە هۆی گوشارە ئابوورییەکان، خولی نارەزایەتییەکان بەرانبەر بەم قەیرانانە وەک شەپۆلێکی ڕووخێنەر کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی وەلەرزین خستووە، ماوە بە ماوە دووبارە بووەتەوە. هەر یەک لەم شەپۆلانە لە ئەنجام و لە درێژەی شەپۆلی پیشووتر، هەر جارەو بەشێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای لەگەڵ خۆی خستووە. کەڵەکەبوونی شکستەکانی ڕێژیم و بێ‌هیوایی خەڵک لە دۆخەکە، ئەنجامەکەی بووە بەوەیکە پانتایی نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم بەربڵاوتر ببێتەوە؛ سیاسەتێک کە زۆرترین تێچووەکەی لە سەر دەستی خەڵک و دەسکەوتەکەشی بۆ سەر سفرەی دەسەڵات بووە.

بۆ تێپەڕین لەم هەلومەرجە و بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی بندەستی، بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان کە هەموو نەتەوەکان هەست بە سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی و کەرامەت و بوونی خۆیان بکەن، ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمان وایە: هاوچارەنووسی دەبێ ببێتە بنەمای هاوخەباتی و هاوپەیمانی لای هەموو ئەو هێزانەی کە بە کردەوە باوەڕیان بە دێموکڕاسی و مافی نەتەوەییی نەتەوە بندەستەکانی ئێران هەیە.

پێمان وایە کە دۆخی لاوازی ڕێژیم، بەستێنی گونجاوی بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو ڕووخاندنی ئەم نیزامە و بنیاتنانی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدڕال فەراهەم کردووە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٤٠٠یشدا وەک ساڵانی ڕابردوو پێداگری لەسەر لێکنزیکبوونەوەی حیزبە خەباتکارەکان و سەریەکخستنی هێز و توانا و دەرفەتەکان دەکەینەوە بۆ گەیشتن بە ڕۆژهەڵاتێکی بەهێز و شوێندانەر و پێداگری لەسەر بەردەوامبوونی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەکەینەوە وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی. پەیوەست بوونی پۆل پۆل کوڕ و کچی بە بیروباوەڕ و شۆڕشگێڕ بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٩دا، هێز و تینی زیاتری بە خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی نیشتمان بەخشیوە هەر بۆیە ڕایدەگەیێنین بەهیوا و بەهێزتر لە ڕابردوو، سەنگەری ڕۆژهەڵات بۆ بەرگری لە ئازادی ئاوەدانترە.

لە کۆتاییدا، پیرۆزبایی ساڵی نوێ و نەورۆزی کوردەواری لە هەموو خەڵکی بەئەمەگی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە ژیانیان لە پێناوی خەبات بۆ ڕزگاری تەرخان کردووە و قوربانییان داوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**

# ٨ی مارس و پێگەی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا

کەنیزە میهفەر

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای ئێران لەئاست کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان نەک پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینی بەڵکوو کەوتە پەراوێزەوە؛ یەکەم هەنگاوی ڕێژیم دەسکاری کردنی یاسای بنەڕەتی ئێران بوو لە سەر بنەمای ئایین و مەزهەبی شیعەی ١٢ئیمامی کە لەگەڵ دنیای سەردەم لەناتەبایی تەواودایە.

بەپێی ئەم یاسایە گۆڕانکاری لە سەرجەم قانوون و بڕگە و بڕیاراتە یاسایی و ئیدارییەکاندا هاتەئاراوە. بەو پێیەش ئەم یاسایە بووە یاسایەکی نادێموکراتیک کە ماف و ئازادی سەرجەم نەتەوە، کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و مەزهەبییەکان وسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی پێشێل دەکات.

لەو پێوەندییەدا «ئایین»ی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و ئێدئولوژیکەکانی بەسیاسی کردووە؛ بۆیە بیری ئیدۆئۆلۆژیکی مەزهەبی لە سەرجەم قانوون و بڕگەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە کە ئەمەش بەپێچەوانەی هەموو ڕێساویاسا نێودەوڵەتییەکانە و دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی ژن کە نیوەی کۆمەڵە بۆیە لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ژن بەتایبەتی نییە .

بۆ بەلاڕێدابردنی پرسی ژن لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کەڵک وەردەگرێ وەک هەڵاواردن، چەوسانەوە و پەراوێزخستنی لە سەرجەم بوارەکاندا بەجوانی لە یاساکانیدا بەرچاو دەکەوێ بەچەشنێک کە پێشێلکردنی مافەکانی ژنی بەیاسا، یاسامەند کردووە.

خومەینی دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات زوو لە وتارێکدا ڕایگەیاند کە حیجاب دەبێ زۆرەملی بکرێ و هەرکەس ئەم یاسایە ڕەچاو نەکا تووشی لێپێچینەوە و سزای یاسایی توند دەبێتەوە .

جیا لە حیجاب، کۆمەڵێک ماف وئازادی دیکەش لە ژنان قەدەغە کران وەک ڕێگانەدانی ژنان بۆ شوێنە گشتییەکان، ئێستادیۆم وشوێنە وەرزشییەکان، هۆتێلەکان، قەدەغەکردنی ژنان لە گۆرانی وتن، ڕێگەنەدان بە گوێگرتن لە گۆرانی دەنگی ژن، بێبەشکردنی ژنان لە ئەنجامدانی هێندێک چالاکی وەرزشی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خەلافی شەرعە؛ ئەگەر ڕێگەش دەدا ئەویش مەرجدارە بە پوشینی جلی تایبەتی ژن بەداپۆشراوەیی.

بێجگە لەوە هەوڵدان بۆ لابردنی ڕۆژی ٨ی مارس کە بە ڕۆژی جیهانی ژن ناودێر کراوە؛ بەبیانووی ئەوەیکە کلتوورێکی ڕۆژئاواییە و دیاریکردنی ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی فاتمە بە ڕۆژی دایک و ژنی ئیسلامی وهەروەها دانانی ڕۆژی کچی ئیسلامی و باکرەبوونی کچ دەکاتە پێوەری شەرەفمەندی.

لە حاڵێکدا لە سەردەمی دەسەڵاتداری بنەماڵەی پاڵەویدا، ژن لە بەشێک لە ماف و ئازادییەکانی بەهرەمەند بوو کەچی بەم یاسایە خومەینی و ڕێژیمەکەی ئامانجی ئەسڵی خۆیان دەپێکن کە ئەویش لێئەستاندنەوە و بێبەشکردنی ژن لە مافە دەستووری و یاساییەکانە کە لە یاساکانی باری شارستانی وسزادان و یاسای باری کەسیی، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی پاڵەویدا بۆ ژن دەستەبەر کرابوو لێی زەوت کرایەوە.

جیا لەوە یاسای پاراستنی بنەماڵە کە لە بەرژەوەندی ژندا بوو هەڵیوەشاندەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران یەک لەو ڕێژیمە دواکەوتووانەیە کە باوەڕی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی نییە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش ئاوڕێک لە ڕێژەی بەرزی پێشێلکارییەکانی دەدەینەوە کە خۆی لە سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە لەوانەش بێکاری، ئێعتیاد، بەدڕەوشتی، لەشفرۆشی، نەخوێندەواری، کارتۆنخەوی، بازرگانی کردنی منداڵان بۆ کاری بەدڕەوشتی، منداڵ هاوسەری، گرتن وئەشکەنجە و سزادانی چالاکڤانانی کۆمەڵگای مەدەنی، سیاسی، عەقیدەتی، ژنان وخوێندکاران وکەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکانیش دووقاتی نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێنەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە دوای زیاترلە ٤ دەیە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی تا وەکوو ئێستاش یاسایەکی دادپەروەر و سەردەمیانە بوونی نییە کە ماف و ئازادی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بپارێزێ و پشتیوانیان لێبکا، بەڵکوو مافەکانیان بە یاسا پێشێل دەکات وهیچ حوورمەتێک بۆ پێگەی ژن دانانێ .

لە پێشەکی یاسای بنەڕەتی وڵاتدا ئاماژە بە مافێکی سەرەتایی ژن لە چوارچێوەی خێزان وەک دایکایەتی دەکات. بەو جۆرە ژن هەمووکات دەکەوێتە ژێرهەڵاواردن و پێشێلکاری بێ بەریکردنی لە مافەکانی .ژنان زۆرجار هەوڵیان داوە دەنگیان بە کۆمەڵگای جیهانی بگات کەچێ ڕێگە پێنەدراوە.

کاتێک کە کۆنوانسیۆنی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنان لە ئوروپا پەسند کرا، زۆربەی وڵاتان تێیدا بوون بە ئەندام، ژنانی ئازادیخوازی ئێرانیش هیوایەکیان بۆ درووست بوو کە ئێران پەیوەست بێ بەو کۆنوانسیۆنەوە.

پڕۆسەکە خرایە بەر باس بەڵام باسکردنی بە دوو قۆناغی جیاوازی سیاسیدا تێپەڕبوو، قۆناغی یەکەم ساڵەکانی کۆتایی سەرکۆماری هاشمی ڕەفسەنجانی بوو کە ئێران تازە لە شەڕی ٨ ساڵەی عێراق وئێران تەواو ببوو و بەبیانووی ئاوەدانکردنەوەی وڵات مەسەلەی ئازادی و مافی ژنی لە سەرتیی بەرنامەی کاری حکومەت دانەنرا بەڵکوو پشتگوێ خرا.

قۆناغی دووهەم سەردەمی سەرکۆماری خاتەمی بوو؛ ئێران لەئاست کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەراوێزخرابوو، بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگای جیهانی بە دروشمی بریقەداری وەک دنیای تەمەدونەکان فەزایەکی لە ئێران دروست کرد کە ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ وا هەست بکەن کە ئێران دەیهەوێت ببێتە ئەندامی کۆنوانسیۆنی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێک بە دیفاع لە پرسی ژن. ئەوەبوو کە چالاکڤانانی ژن نامەیەکیان بۆ خاتەمی نووسی و ئەویش بەڵێنی دا کە ئێران پەیوەست دەبێ بەم کۆنوانسیۆنەوە، بەڵام بە مەرجێک کە «تەحەفووز» کردن بەو خاڵانە کە ناکۆکی و دژایەتیان لەگەڵ ئایین و دەقەکانی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەیە بۆ پەسندکردنی دەبێ ئەم قوناخانە ببڕێ:

سەرەتا برایە مەجلیس و دوای تاوتوێکردن بۆ پەسندی یەکجارەکی نێردرایە شورای نیگابان بەڵام شورا ڕاشکاوانە ڕەتی کردەوە و ڕایگەیاند کە سەرجەم بەندەکانی ئەم کۆنوانسیۆنە دژایەتی لەگەڵ ئایین وەدەقەکانی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی هەیە.

ئەگەر ئەمە پەسند بکری دەبێ ئەسڵەکانی و ١٥٣١١٥،بەندەکانی ١،٢،٣،٥ لە یاسای بنەڕەتی بگۆڕدرێن؛ کە ئەوەش لەگەڵ بوون و فەلسەفەی کوماری ئیسلامی یەک ناگریتەوە.

دوای زیاترلە ١٠ ساڵ خوێندنەوە بۆ گەڵاڵەیەک کە بەقەولی خۆیان لە بەرژەوەندی ژنان دایانڕشتووە بەناوی (لایحەی دفاع ازصیانت وکرامت وتامین امنیت بانوان دربرابرخشونت) کە ئەم گەڵاڵەیەش زیاتر وەک خۆڵ لەچاوکردن و دیسان بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی جیهانییە کە لە دەوڵەتی یازدەیەمدا پەسەندکراوە تاوەکوو ئێستا ئەم گەڵاڵەیە شێوەی قانونی بەخۆوە نەگرتووە و نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و لەوانەیە ماوەیەکی زۆرتر بخایەنێت تا ببێتە بڕگەیەکی قانونی یا قانونێکی جێگیر؛ بەڵام لەڕاستیدا ئەو گەڵاڵەیەش بۆ پاراستنی ژن و مافەکانی نییە، بەڵکوو زیاتر لایەنی جنسی ژن دەگرێتەوە و ژن وەکوو مولکی پیاو دیاری کراوە و بە دیدێکی ئیدۆئۆلۆژیکی و جنسی لە ژن دەڕوانێ وتەنیا باس لە تەمکین وتێربوونی غەریزەی جنسی پیاو لەلایەن ژنەکەی دەکرێ، بەشێکی زۆری خاڵەکانی ئەم گەڵاڵەیە لابراون کە لەڕاستای بەرژەوەندی ژندا بوو.

تەنیا ٤٠ خاڵی پەسەندکراوە کە هەمووی بە هەڵاواردنی ژنان دەست پێدەکات، تەنانەت باس لە وشەی «ژن»یش ناکا ودەڵێ «بانوان»، ژنانی کەمئەندام، نەخۆش، موهاجر، ئاوارە، کەمایەتییە نەتەوەیی وئایینییەکانی، دیاری نەکراوە لەکاتێکدا داڕێژەرانی ئەم گەڵاڵەیە دەڵێن ئامانج پشتیوانیکردن لە ژنان و پاراستنی ئاسایشی خێزانی و وشیارکردنەوە و بەرزکردنی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە لەپێوەندی لەگەڵ مافی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییانەیە کە بەرامبەر بە ژن دەکرێ؛ بۆیە ئەگەر چاو بە سەرجەم یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا بخشێنینەوە هەموو ئەو جیاکاری وهەڵاواردنانە بەروونی دەردەکەون کە ژن لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ پێگە و کەرامەت و مافێکی نییە. لەباری سیاسییەوە بەپێی ئەسڵی ١١٥قانونی بنەڕەتی لە مافی بەربژێربوون بۆ پۆستی سەرکۆماری بێبەش کراوە.

لەڕووی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بەبیانووی ئەوەی ژن بونەوەرێکی عاتیفییە و توانای بەڕێوەبردنی ئەرکی دادوەری و داوکاری گشتی نییە لەو بەرپرسایەتیانە بێبەش کراوە.

بەپێی یاسای مەدەنی تەمەنی ١٣ ساڵی بۆ کچ دیاری کردووە بۆهاوسەرگیری کە ئەمەش پێچەوانەی بەندەکانی کۆنوانسیۆنی پاراستنی مافەکانی منداڵانە؛ هەروەها بەپێی یاسای سزادان تەمەنی مەسئولیەتی سزایی بۆ کچ ٩ساڵی دیاری کردووە لەحاڵێکدا هێشتا بلووغ نەبووە؛

لەباری فکری و جسمییەوە کامڵ نەبووە یا سزای بەردباران بۆ ژن لە سەردەمی دنیای ئەمڕۆدا جیا لەباری فیزیکی، شکاندن و لەناوبردنی کەرامەتی خێزانییە.

کوشتنی ژن بەناوی قەتڵی ناموسی بێ‌ئەوەی شوێنەواری ئەم قەتڵە لەبەرچاو بگیرێ یا سزایەکی دیاریکراو بۆ قاتڵ هەبێ، لەڕووی یاسای باری کەسییەوە ژن مافی تەڵاق وەرگرتنی نییە. جیا لە دوو تا سێ فەقەرەی نەبێ کە ئەویش یاسایی، شەرعی و عورفین .

پێنەدانی سەرپەرەستی منداڵ، نەبوونی مافی دەربڕینی نارەزایەتی لەکاتی هێنانی ژنی دووهەم، دیاریکردنی بەشە میراتی کەمتر بەبەراورد لەگەڵ پیاو یا لە قەتڵی بەئەنقەستدا ژن بە شاهید وەرناگیرێ، لە قەتڵی بێ ئەنقەست(غیرعمد) ٢ ژنی عادڵ بەرامبەر پیاوێکە کە نەک یەکسانی ڕەچاو ناکرێ بەڵکوو بەجۆرێ بێ حورمەتییە بە کەسایەتی ژن.

لەو ساڵانەی ڕابردوودا چەند گەڵاڵەیەک پەسند کران، وەک گەڵاڵەی زیادکردنی حەشیمەت، کەبە سیاسەتێکی دژەژن و نازانستیانە و نابەرپرسانە داڕێژرا چونکە هیچ مافێکی سەرەکی بۆ ژن ڕەچاو نەکراوە بەڵکوو هێندێک مافی سەرەتایی ئیداری بەپێی یاسای کار بۆ ژن لە بەرچاو گیراوە وەکوو زیادکردنی مۆڵەتی دایکایەتی تا ٦ساڵ، مۆڵەتی سەعاتی کاری و کەمکردنەوەی سەعاتی کار هەروەها بە دەرکردنی یاسایەک ڕێکاری ناتەندرووستی و نایاسایی بۆ ژنان دەگرێتە پیش بۆنموونە گرانکردنی حەب ودەرمان و پێنەدانی دەرمان و حەبی بەرگری بە بنکەکانی تەندرووستی گوندەکان و ژنانی کۆچەر، بەرزکردنی نرخی منداڵبوون بە نەشتەرگەری، ڕێگەنەدان بێ ڕەزامەندی لایەنی دەوڵەتی و لەهەمان کاتیشدا بانگەشە دەکات هەر ژنێک٣ منداڵی هەبێ وامی ١٠٠ میلیۆن تمەنی پێدەدرێ یا ڕێگەخۆشکەرە بۆ پەرەپێدانی دیاردەی نابەجێی هاوسەرگیری کەمتر لە تەمەنی یاسایی کە هەر کچێک تەمەنی کەمتر بێ وامی هاوسەرگیری زیادتری پێدەدرێ یان لە بواری پەروەردەوە هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکات کە توانیویەتی ڕەگەزی مێینە زۆرتر خوێندەوار بکات و بینێرێتە زانکۆکان. لەویش دزە دەکاتە نێو ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان لە ڕێگای دامەزراندنی ناوەندەکانی شۆڕشی فەرهەنگی و دواتریش بەناوی قۆناغی خۆڕاگری فەرهەنگییەوە هەستا بە «تەفکیکی جنسیەتی» لە ناو زانکۆکان! بەمەش دەور و پێگەی ژنی لە کەرتی خوێندن کەمڕەنگ کردەوە و یەکەمجار لە کتێبەکاندا وێنەی کچەکان لەچکەی بەسەردادان و دوهەم جار کەمی کردنەوە و سێهەم جار بەیەکجاری هەموو وێنەکانیان لەسەر کتێبەکان لابرد.

تەمەنی خانەنێشینی ژنی کردە ٢٥ساڵ بەم کارەش ژن لەلایەک بێکار و لەلایەکی دیکەوە لە بەرپرسایەتی و پڕۆسەی بەشداربوون لە دەسەڵات بێبەری کرا.

لە ئاکامدا ئەگەر بەڕوانگەیەکی زانستی و یاسایی لێی ورد ببینەوە دەبینین کە یاساکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ پەراوێزخستنی ژنان لە بوارەکانی کارو پێگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتوری و ئابووری لە کۆمەڵگا و هەروەها بۆ بە نێرینەکردنی کەرتە جیاوازەکان لە وڵاتدا داڕێژراون؛ بۆیە تا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێت پێگە، کەرامەت و ماف و ئازادییەکانی ژنان لەوە باشتر نابێ! کەوابوو ڕێگاچارە چییە؟

بە بڕوای من ژن دەبێ لە چەند بواردا کار بکات هەتا بتوانێ بە مافە ڕاستەقینەکانی بگات:

١-بزوتنەوەی ژنان دەبێ زۆر لەوەیکە ئێستا هەیە چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نێوخۆیی ئێران چالاکتر بێ کە کۆماری ئێسلامی ملکەچ بێ بۆ دانانان بە ماف وئازادییەکانی ژن.

٢-ئەمەش کاتێک دێتە دی کە کۆماری ئیسلامی بە یاسای بنەرەتی وڵاتدا بچێتەوە وخۆی لەگەڵ دنیای ئەمڕۆ ڕێک بخات کە ئەوەش بە دور دەبینم؛ بۆیە ئێمەی ژن دەبێ لەلایەک شانبەشانی هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی خەبات بکەین بۆ ڕوخانی ئەم ڕێژیمە و لەلایەکی دیکەوە بۆ بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆمان تێبکۆشین.

بۆ ئەوەی بتوانین لەو دوو بوارەدا سەربکەوین دەبێ، ئەم چەند خاڵە بەبنەما وەربگرین:

یەکەم. بڕوامان بەخۆ بێ واتە بەپێچەوانەی بۆچوون و بیرکردنەوەی سەرانی کۆماری ئیسلامی و کەسانی دواکەوتوو کە پێیان وایە ژن بڕوای بەخۆ نییە واتە زەعیفەیە.

دووهەم. دەبێ تێبکۆشین هەم خوێندەوار بین و ئاستی زانیاری و وشیاری خۆمان بەرینە سەرێ هەم لە باری ئابوورییەوە لەسەرپێی خۆمان ڕاوەستین و چیدیکە چاو لە دەست نەبین.

سێهەم. دەبێ هەوڵ بدەین بەهێز بین، بزوتنەوەکەمان پەرەگرتوو بێ کە بتوانێ شوێندانەر بێ لەسەر دەسەڵات جا حکومەت بێ یا حیزب؛ لە وەها کاتێکدایە کە خوێندنەوە بۆ ماف و ئازادییەکانمان دەکرێ.

چوارەم. دەربازبوون لە هێندیک دابونەریتی دواکەوتووانە کە فۆرمێکی یاساییان بەخۆوە گرتووە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا .

واهەست دەکەن کە لادان لەم کارانە، تووشی سزای مادی ومەعنەویان دەکات؛ بەڵام تێکشکاندنی ئەم تابۆیانە ئەرکێکی سەرەکی ژنانە. زۆرجار دەبینرێ کە کچێک یان ژنێک ئاور لە جەستەی خۆ بەردەدات یان خۆی دەکوژێ بە بڕوای من ئەمە کارێکی دروست نییە بەوەش کێشەکان چارەسەر ناکرێن بەڵکوو خەبات و تێکۆشان لەو ڕاستایەدا دەبێتە هەوێنی چارەسەرکردنی سەرچاوەی کێشەکان.


لە ڕۆژێکی وەک ٨ی مارس کە هەموو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان هەروەها ژنانی ئازادیخوازی جیهان لەم ڕۆژە مێژووییە ڕێزدەگرن دەرفەتێکی باشە کە ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێرانیش وێڕای یادکردنەوە و ڕێزگرتن لەم ڕۆژە بێنە دەنگ و داوای یەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بکەن. بێگومان ڕێژیمی ئاخوندی و حکومەتە هاوشێوەکانی گوێی خۆیان لەو دەنگە کڕوکپ دەکەن چونکە نە باوەڕیان بەو ڕۆژە هەیە نە هیچ بڕوایەکیان بە مافی ژن هەیە، بەڵام ژنانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێرانی بەگشتی و کورد بەتایبەتی نابێ نائومید بن و دەستەوەستان بوەستن چونکە بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان بە بێ ماندووبوون وهەوڵدان و قوربانیدان مسۆگەر نابێ. ب

وێە دەبێ بە بڕوایەکی پتەوەوە بڕوانینە خەباتەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین داوا ڕەواکانمان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی و تریبۆن و کاناڵە بێلایەنەکان بەمیدیایی بکەین کە ناچار بێ پەیوەست بێ بە کۆنوانسیۆنی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی دژ بە ژنان و پڕۆتۆکۆلە بڕواپێکراوە نێودەوڵەتیەکان.

ئەزموون ئەوەی نیشان داوە کە ئەگەر هێز یەکگرتوو و چالاک بێ ئەگەر بە ئامانجیش نەگات لە ئامانج نێزیک دەبێتەوە.

گەورەترین گردبوونەوەی نارەزایەتی ژنان لە ئێران لە ساڵی ١٣٨٤بوو کە توانیان دەسکەوتێکی گەورە وەک کەمپەینی ١ میلیۆن واژۆ ڕێک بخەن کە هەڵقوڵاوی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ناڕازی ئێران بوو کە تا ساڵی ١٣٨٨ئەو نارەزایەتییانە درێژەی کێشا کە ژنانی ئێران بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەربەرین بەناوی (همگرایی فعالان جنبش زنان برای طرح مطالبات درفضای انتخابات) توانیان کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن باس لە پرسی ژن بکات لەگەڵ ئەو بە نێوەڕۆک و کردەوە هیچی بۆ ژن نەکرد بەڵام بە لانیکەمەوە ناچار بوو بەشێوەی فۆرمالیتەش بێ ئاماژەیەکی بچوک بە پرسی ژن بکات .

**بزوتنەوەی ژنان دەبێ زۆر لەوەیکە ئێستا هەیە چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی نێوخۆیی ئێران چالاکتر بێ کە کۆماری ئێسلامی ملکەچ بێ بۆ دانانان بە ماف وئازادییەکانی ژن**



March 8 Tehran, Iran 1979

# سفرەی نەورۆز و کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری یەکتری



**مرۆڤی شاد مرۆڤێکی بەخشندەیە؛ ئینسانی شاد هیچکات ناهێڵێ کەسانی دیکە پێش بە ئازادییەکانی بگرن. مرۆڤی شادی کورد هیچکات بەرانبەرەکەی نابوغزێنێ و لە بەرانبەر دوژمنە خوێنمژە سادیستییەکەیشیدا بەرەنگاری لە خۆی دەکات چونکە بەشێکی بەرچاوی ژیانی جەستەیی و دەرونی کورد گرێدراوی ئەو ڕۆحە شادەیە کە لە ناخ و نەستیدا بە میراتی خوێنیی بۆی بەجێ ماوەتەوە**

**جاقل**

بەڕێوەبردنی بۆنەکانی تایبەت بە نەورۆز بەپێی کەلتورە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە میدیاکانی سەر بە ڕێژیمدا بڵاو دەبێتەوە. هەر ئەمانەش نیشانەگەلێکن کە نەتەوەی کورد نەتەوەیێکی جیاوازە و توانیویەتی سەرەڕای زەبروزەنگی داگیرکەرانی کوردستان ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێ.

خەڵکی کورد لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ هەتا لە دەوری یەکتری کۆببێتەوە. ئەوان لەم کۆبوونەوانەدا گۆرانی دەڵێن و ساتەکانی ژیانیان بە خۆشی و هەڵپەڕکێ و قسەی جوان لە جەوێکی برایانەدا تێپەڕ دەکەن. هەر ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانێ هەوێنی ئەو ڕۆحە شاد و ئاشتیخوازانە بێت کە هەتا ئێستاش لە دەمارەکانی تاکی کورددا بوونی هەیە. مرۆڤی شاد لە پیلانگێڕی و خەمۆکی و خەسڵەتە خراپ و ناشیرینەکانی دەروونی بەدوورە و ڕۆحسووکانە بە سەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا باز دەدات.

مرۆڤی شاد مرۆڤێکی بەخشندەیە؛ ئینسانی شاد هیچکات ناهێڵێ کەسانی دیکە پێش بە ئازادییەکانی بگرن.

مرۆڤی شادی کورد هیچکات بەرانبەرەکەی نابوغزێنێ و لە بەرانبەر دوژمنە خوێنمژە سادیستییەکەیشیدا بەرەنگاری لە خۆی دەکات چونکە بەشێکی بەرچاوی ژیانی جەستەیی و دەرونی کورد گرێدراوی ئەو ڕۆحە شادەیە کە لە ناخ و نەستیدا بە میراتی خوێنیی بۆی بەجێ ماوەتەوە.

لە نەورۆزدا کوردەکان لە دەوری یەکتری کۆدەبنەوە. بنەماڵەکان میوانداری یەکتری دەکەن و لە کەشێکی دۆستانە و بە دڵێکی پاکەوە بەرەوپیری ساڵی نوێ دەچن. ڕێژیم لە پانتایی شارەکاندا و بۆ دورخستنەوەی خەڵک لە یەکتری کەشێکی ئەمنییەتی بە سەر شارەکاندا زاڵ دەکات و ئیزنی کۆبوونەوەی جەماوەری بە خەڵک نادات. ڕێژیمی داگیرکەری ئاخوندی ئەوەندە ترسنۆک و لاوازە کە بە بیانووگەلی خۆرافی لە هەر کۆبوونەوەیەک بۆ شادی و دیدار تازەکردنەوەی خەڵک دەترسێ. شادی لای ڕێژیم هێڵی سوورە و بە یەکڕیزی و تەبایی تاکەکانی کورد زەندەقی دەچێ و مەرگی خۆی دەبینێ .

لە دیدارە نەورۆزییەکاندا جیاواز لە مەسەلەی نەخۆشی کۆڕۆنا لە ئەمساڵدا گرانی لەڕادەبەدەری کاڵا مەسرەفی و خواردەمەنییەکان بوونەتە گرفتێک بۆ بنەماڵەکان کە کەمتر بتوانن هاتوچۆی یەکتری بکەن و میوانداری ئازیزانی خۆیان بکەن .

لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتداری ئاخوندەکان، ئەوان بە پشتیوانی هێزی سەرکوتی کومیتە و سارولا و هتد لە نێو کوچە و کۆڵانەکانی کوردستان پێشیان بە شادی و زەماوەندەکانی خەڵک دەگرت بەڵام دواتر بەهۆی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان و پێداگری لە سەر مافە ئینسانییەکانی خۆیان، ڕێژیم ناچار بە پاشەکشێ کرا .

لە بۆنەی نەتەوەیی نەورۆزدا سیاسەتی سەرکوت و پێشگیری کردن لە بەڕێوەچونی شادی و هەڵپەڕکێی نەورۆزی لە ئاستی جەماوەریدا سەرکەوتوو نەبووە. لە دێهات و شارەکان و شاخەکانی کوردستان خەڵک لە دەوری ئاگری پڕ بڵێسەی نەورۆز کۆدەبنەوە و پیرۆزبایی ساڵی نوێ لە یەکتری دەکەن .

لە نێو بنەماڵە و خزمانی نیزیکدا گرانی هۆکارێکە کە دەتوانێ شوێندانەری نێگەتیڤی لە سەر میوانداری و هاتوچۆکان هەبێت. لە ڕۆژانی کۆتایی زستانی ئەمساڵدا لە چاو ڕۆژانی بەهار ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی نرخی کاڵاکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز بوونەتەوە .

کاڵا خواردەمەنییە سەرکییەکان وەک ڕۆن، برنج، قەند، مریشک و هتد زیاتر لە پەنجا لە سەد لە ماوەی ساڵێکدا گران بوون. ئەوە لەحاڵێکدایە کە زۆربەی کاتەکان بەشێک لەم کاڵایانە جیرەبەندی دەکرێ و بە ئاسانی دەست ناکەون.

گرانی ئاجیل و وشکەبارەکان بە ڕێژەیەکە کە تەنیا بنەماڵە دەوڵەمەندەکان توانای کڕینیان هەیە. زۆربەی خەڵکانی ئێران و کوردستان توانای کڕینی کیلۆیەک پستەی ٢٧٠ هەزار تمەنی یان بادامی هێندی ٤٠٠ هەزار تمەن یان گوێزی ١٢٠ هەزار تمەنی و بادامی خۆماڵی ٦٥ هەزار تمەنییان نییە. بە وردبوونەوەیەک لە داهاتی گشتیی خەڵک بۆمان دەردەکەوێ، خەڵکێک کە بە زۆر دەتوانن نانی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن ناتوانن بیر لەم جۆرە ئاجیل و خەرجانە بکەنەوە .

لەوانەیە هەر ئەمەش ببێتە بیانویەک بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یەکتری. لە ڕێژیمێکدا کە بەساڵاچووان و خانەنشینکراوە موچەخۆرەکانی پاش سی ساڵ خزمەت بە هۆی کەمی موچە و داهاتەکانیانەوە ناچارن بێنە سەرشەقام و بەدژی ئەو ڕێژیمە دروشم بڵێن و داوای مافە سروشتییەکانی خۆیان بکەن هیچ چاوەڕوانییەک بۆ چاکسازی ناکرێ .

زۆربەی ئەم کەسانە، گەورەی بنەماڵەن و منداڵ و نەوەکانیان چاوەڕوانن هەتا لە ڕۆژانی پشووی نەورۆزدا ئەم دایەگەورە و باوەگەورانە دیارییان بۆ بکڕن و میوانداریەتییان بکەن کەچی بەداخەوە شتی وەها بەهۆی گەندەڵی و نابەرپرسی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە ئیمکانی نییە .

ئەوە کەتوارێکی مێژووییە کە بە درێژایی تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمە لەگەڵی گەورە بووە کە ئەویش ژێرپێنانی کەرامەتی ئینسانی و دوورخستەوە و دروستکردنی ناتەباییە لە نێو کۆمەڵگا و خێزاندا .

کۆمەڵگای کوردستان و بنەماڵە کەمداهاتەکانی کوردستان بە ڕۆحێکی شاد و خەباتکارانەوە ڕووبەڕووی تەنگ و چەڵەمە ئەمنییەتییە سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیم و گرانییە لەڕادەبەدەرەکان دەبنەوە . ئەوان بە درک بە خۆشییەکانی ژیان و پێکەوەبوون لە گەڕی شادی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا ستران لە سەر کەلاکی نیوەمردووی ڕێژیم دەخوێنن و هیچکات ناهێڵن ئەم چاوسوورکردنەوە و گرانیانە لە ڕێڕەوی یەکگرتوویی و خەباتی جەماوەری دووریان بخاتەوە .

**لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتداری ئاخوندەکان، ئەوان بە پشتیوانی هێزی سەرکوتی کومیتە و سارولا و هتد لە نێو کوچە و کۆڵانەکانی کوردستان پێشیان بە شادی و زەماوەندەکانی خەڵک دەگرت بەڵام دواتر بەهۆی بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان و پێداگری لە سەر مافە ئینسانییەکانی خۆیان، ڕێژیم ناچار بە پاشەکشێ کرا**

**ئەوە کەتوارێکی مێژووییە کە بە درێژایی تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمە لەگەڵی گەورە بووە کە ئەویش ژێرپێنانی کەرامەتی ئینسانی و دوورخستەوە و دروستکردنی ناتەباییە لە نێو کۆمەڵگا و خێزاندا**

## وێستگە

# نەورۆز جێژنی یەکگرتنە



**نووسین: هێمۆ**

دوایین چرکەساتەکانی ساڵی ٢٧٢٠ خەریکە تێپەڕ دەبن و هەنگاوەکان بەرەو ساڵی نوێ و بەهارێکی گەشاوە دەڕۆن، هاوکات لەگەڵ نوێبوونەوەی سروشت، مزگێنی هاتنی بەهار و ژیانەوە لە دڵی هەموو تاکەکانی ئەم نیشتمانەدا چرۆی کردووە.

ساڵی ٢٧٢٠ لەحاڵێکدا خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت کە بۆ هیچکام لە تاکەکانی جیهان و بەتایبەتیش بۆ خەڵکی کوردستان ساڵێکی باش نەبوو، بە سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی ڤایرۆسێکی کوشندەوە دەستی پێکرد و ئەمەش هەموو جمگەکانی ژیانی خەڵکی گرتەوە.

بەپێچەوانەی ساڵانی دیکە کە بەهارەکەیان مزگێنیدەری وەرزێکی نوێ لە ژیان و دەسپێکی ژیانێکی نوێ بوو، بەهاری ڕابردوو هیچ چێژێکی تێدا نەبوو، نە گەشت و سەیرانێک و نە بینینی خزم و کەس و نە تەنانەت پیاسەیەکی تاکەکەسیش!

بەهاری ڕابردوو بە هەموو خراپییەکەیەوە چەندین شتی گرینگی بۆ وەبیرهێنانەوە پێ بوو، کە ڕەنگە گرینگتر لە هەمووی پێویستیی یەکگرتوویی و پێکەوەبوونێکی قورس و قایم بوو، چونکە ئەگەر هاوکاری و هاودڵی و هاودەنگیی خەڵک نەبوایە ڕەنگە زۆر کەس نە بەهۆی قەیرانی کۆرۆنا بەڵکوو بەهۆی نەبوونی ژەمەخواردنێک گیانیان لەدەست بدابایە.

ئەگەرچی ساڵی دەربازبوو، بۆ هەمووومان ساڵێکی ناخۆش بوو بەڵام باش ئەوەی وەبیرهێنایینەوە کە لە دژوارترین ساتەکانیشدا ئەوە خودی خۆمانین کە دەبێ دەستی یەکتر بگرین، ئەوە خۆمانین کە دەبێ پشت و پەنای یەکتر بین و نەهێڵین داگیرکەرانی دڵ پڕ لە قینی نیشتمانەکەمان بە زەبری هێز، زیاتر لەوەیکە هەیە بمانچەوسێننەوە و هەستی برایەتی و هاوڕێیەتیمان لێ بستێنن.

ساڵی ڕابردوو، ساڵێکی سەخت بەڵام پڕئەزموون بوو، پڕئەزموون چونکە نیشانی داین کە چۆن ئاگامان لە دراوسێیەکەمان بێت کە نەکا بۆ پاروویەک نان ناچار بێت بچێتە باوەشی مەرگەوە، نیشانی داین کە پارە ئەوەندە ناهێنێ کە تەنیا کۆ بکرێتەوە و زۆرجار دەتوانێ ببێتە بەشێکی بچووک لە پازڵێکی گەورەی یارمەتییە کۆکراوەکان بۆ کەمداهات و هەژارەکان.

ئەوەیکە لە ساڵی ڕابردوو فێری بووین هاودڵی و هاوهەنگاوی بوو، ژن و پیاو، گەورە و بچووک دەست لە ناو دەستی یەکتر هەوڵیان دا بە کۆکردنەوەی یارمەتی و دابەشکردنی بە سەر بنەماڵە هەژارەکاندا لەو دۆخە نالەبارەدا کە وەک هەموو کاتی قەیرانەکان بەرپرسانی ڕێژیم لە خەمی سامانەکەیاندان، دەستی یەکتر بگرن، پێکەوە بن و پێکەوە بە سەر قەیرانەکەدا زاڵ بن.

ئەوەیکە پێشمەرگە سپی پۆشەکانی شار کردیان تەنیا گۆشەیەک لە تابلۆی گەورەیی خەڵکی کوردستان بوو، ماندوونەناسانە هەوڵیان دا تاکوو پێش بە قەیرانێکی گەورەتر بگرن، هەرچەند لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بینەری گیانلەدەستدانی زۆرێک لە ئازیزانمان بووین بەڵام گرینگ ئەو پەیامە بوو کە پێکەوەبوونمان بە گوێی دوژمنی گەیاند.

بەڵام ئەوەیکە ئێستا گرینگە، پێکەوەبوون و هادەنگیی داهاتویە، نەورۆزە و بۆ ئێمەی کورد هەمیشە گرینگترین و باشترین دەرفەت بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی، یەکگرتوییەک کە کۆماری ئیسلامیی تۆقاندووە، چونکە چیدیکە خەڵکی کوردستان ناترسێن، دوودڵ نین و لە پێناو ڕزگاری لە چنگی داگیرکەردا هەموو بۆنەیەک دەکەن بە دەرفەت، دەرفەت بۆ هاواری ڕزگاری، دەرفەت بۆ جەختکردنەوە لە سەر مافێکی بێ ئەملاو ئەولا، هەر بۆیە نەورۆزی ئەمساڵ زۆر زۆر جیاوازە، نەورۆزێکە کە بۆنی بەردەوامی ژیانی لێ دێت، نەورۆزێکە مژدەی ئازادی پێیە، نەورۆزێکە کە تام و بۆنی ژیانێکی نوێی پێیە و بەدڵنیاییەوە بە گوڕوتینێکی یەکجار جیاواز و بێوێنەوە بەڕێوە دەچێت، تاکوو بە دوژمنە دڕندەکانمان بڵێت چیدیکە ناتوانێ کوردستان دیل بکات و ئەوە خەڵکی کوردستانن کە لە نەورۆزێکی نە زۆر دووردا، زنجیری یەخسیری لە ئەستۆی کوردستان دەکەنەوە و لە سەر شاخە سەرکەشەکانی شاهۆ و داڵاهۆ و تەرەغە، سروودی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان دەچڕن و مژدەی بەهارێکی بێوێنە بە گوێی تاکەکانی کوردستاندا دەچرپێنن، ئەو ڕۆژە دێت و ئەو بەهارەش، بەنرخترین نەورۆزانەی ژینمان بە دیاری بۆ دێنێت و ئێمەش شنەی شەماڵی ئازادی هەڵدەمژین.

**ئەو کاتەیە کە لاوانی نیشتمان یەکدەنگ دەڵێن:**
**من بەڵێنت پێ ئەدەم ئەوڕۆ لە دەنگی کوردەوە**
**ئەو کوڕەی زنجیری یەخسیری لە ئەستۆ کردەوە**
**دڵ کە ڕۆژ و شەو دەسووتێ ئاگری تۆی تێبەربووە**
**بۆیە پیاوانە لەگەڵتا مەرجی خوێنی بەستووە**
**دڵنیا بە جێژنە پیرۆزەی دوای نەورۆزی من**
**جێژنی ئازادی گەلە و سەرکەوتنی پیرۆزی من**

# خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» بەپێی نەریتی ساڵانە، «کوردستان» لە دواژمارەی خۆی بۆ ساڵ و وەک پێشوازی لە ساڵی نوێ، پانۆڕامای گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی پێشوو لە ڕاپۆرتەهەواڵێکی تایبەتدا دەخاتە بەر دیدی ئۆگرانی «کوردستان»

## ئەوەی بەردەمتان پانۆڕامای ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوییە

## بەشی یەکەم (شەش مانگی یەکەم)

دەسپێکی ساڵی نوێ هاوکات بوو لەگەڵ تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆیە ئەم نەورۆزە بە نەورۆزی پارێزەرانی ژیان ناسێندرا و خەڵکی کوردستان بە دامەزراندنی کەمپەینە جیاوازەکان وێڕای دژەگەندکردنی شارەکانی خۆیان، بە کۆکردنەوەی پێداویستی و بڵاوکردنەوەیان بەسەر بنەماڵە هەژارەکاندا یارمەتیی خەڵکی هەژار و کەمداهاتیان دا. هاوکات لەگەڵ تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان بە هەڵکردنی ئاگر، خاوێنکردنەوە و دژگەندکردنی شار و گوندەکان، نەورۆزی ئەمساڵیان جیاواز لە ساڵەکانی دیکە و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییە تەندرووستییەکان بەڕێوە برد.

لە ٤ی خاکەلێوەدا، ڕێژیمی ئێران دژی میدیاکانی دژبەری خۆی شورایەکی ئەمنییەتیی دامەزراند کە بنکەی ئەو ناوەندە سایبێرییەی ڕێژیمی ئێران لە سنە و لە سپای «بەیتولموقەدەس»ـە. میدیاکانی «کورد توودەی، ئۆفۆقی کوردستان، زریان و نەوای ئابیدەر» و چەندین ماڵپەڕی دیکە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دامەزراون و چالاکییەکانیان بۆ ئەوەیە کە پرسی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لاواز بکات و پرسی کورد تەنیا بە چەند شتی بچووکی کولتووری قەتیس بکاتەوە.

٥ی خاکەلێوە: کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بە هاوکاریی کەسانی دڵسۆز یارمەتییان کۆ کردووەتەوە و لە نێوان بنەماڵەی هەژاران، کەمداهاتەکان و بنەماڵەی زیندانییانی سیاسیدا دابەشیان کردووە.

ـ ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور کە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی سەحرایی لە ئیسفەهان ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو، لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە داوایان لێکرا کە ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵن. «وەهابزادە»، ڕاوێژکاری وەزیری تەندروستیی ڕێژیم، لە تویتێکدا نووسیبووی: «پێویستیمان بە دانانی نەخۆشخانەی سەحرایی لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە نییە و نابێ لێرە بن».

٦ی خاکەلێوە: کەمپەینی «هاودڵیی کوردستان» بۆ یارمەتیدان بە ئەو بنەماڵانە کە بە هۆی دابڕگەوە توانایی دابینکردنی بژیوی ژیانیان لەدەست داوە، دامەزرا. کەمپەینەکە بە هاوکاریی چەند لایەنی مەدەنی و ئایینی شاری سنە پێکهات و لە هەنگاوی یەکەمدا بەشێوەی مەجازی و لە تەواوی ناوچەی زاگرۆسدا دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و دواتریش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یارمەتییەکانی خۆیان بە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان گەیاند.

٧ی خاکەلێوە: سەردۆزگەری وڵاتی دانمارک هاووڵاتییەکی خەڵکی نۆرویژی بە پەیوەندی لەگەڵ ئێران بۆ بەڕێوەبردنی پیلانی تیرۆر لەو وڵاتەدا تۆمەتبار کرد.

ـ بە چەند ڕاکتێک باڵوێزخانەی ئامریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا کرایە ئامانج کە لە یەک ساڵی ڕابردووەوە ئەوە ٢٥ـەمین جارە کە لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانەوە لە بەغدا هێرش دەکرێتە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا.

ـ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ڕاستای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تێرۆریزم، ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی خاکەلێوە، گەمارۆی نوێی بەسەر ١٥ کەس و ٥ شیرکەتی پەیوەندار لەگەڵ سپای تێرۆریستی پاسداران کە لە عێراقدا جێگر کراون، سەپاند.

پاش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئێران، بەندکراوانی بەندیخانەکان لە زۆربەی شارەکاندا دەستیان دایە نارەزایەتی و مانگرتن و تەنانەت سووتاندن و ڕووخاندنی بەندیخانەکان.

١٢ی خاکەلێوە: ئامریکا بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندی و هێزەکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، دوو سیستەمی پاتریۆتی لەو وڵاتەدا جێگیر کرد.

١٣ی خاکەلێوە: تەرمی «مریەم خانی قازی» کچی «پێشەوا قازی محەممەد»، سەرکۆماری کۆماری کوردستان، لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

١٤ی خاکەلێوە: لە درێژەی هەوڵە سیخوڕییەکانی ڕێژیم لە دنیای مەجازی، ئەمجارە ڕێژیم لە ڕێگای ئەپێکی ساختەی تێلێگرامی زانیاریی نهێنیی ٤٢ ملیۆن بەکارهێنەری تێلێگرامی بەدەست هێناوە و بڵاوی کردووەتەوە.

١٦ی خاکەلێوە: ٥٣ چالاکی سیاسی و مەدەنی لە نامەیەکدا داوایان لە هەیئەتی بەڕێوەبەریی سندووقی نێونەتەوەیی پارە کردووە وامی ٥ میلیارد دۆلاری بە ئێران نەدات.

١٧ی خاکەلێوە: شاخەوانانی بۆکان و خێرخوازانی ئەو شارە کەمپەینێکیان لەژێر ناوی «کەژوان»، بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ خەڵکی کەمداهات و هەژاری ئەو شارە دامەزراند.

١٨ی خاکەلێوە: دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا بەنیسبەت تێکدانی ژینگەی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێران و دەستوپێوەندییەکانەوە داوای لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات کرد، تێکدەرانی ژینگەی کوردستان لەقاو بدەن .

٢٢ی خاکەلێوە: لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات ، ڕوو لە کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان پەیامێکی تویتێریی بڵاو کردەوە. هیجری لەم تویتەدا نووسیویەتی: لە هەڵمەتی پشت بەخۆ بەستن لە دژی کۆرۆنادا، پێشمەرگە سپی پۆشەکان لە سەنگەری پێشەوەی گیانبازین بۆ پاراستنی ژیانی هاونیشتمانییان. پێشمەرگایەتیتان پیرۆز ڕۆڵە خەباتکارەکانی وڵات، ڕۆژهەڵات ڕێزتان لێ دەگرێت و فەرامۆشتان ناکات.هەر لەم پێوەندییەدا ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوە، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیش بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە سپی پۆشەکان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

. کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە زەحمەت و تێکۆشانی کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان و گیان لەدەستدانی ٢ کادری پزیشکی بەهۆی کۆرۆنا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە ڕۆژی هەینی کاتژمێر ١٠ی شەو چەپڵە بۆ پزیشکەکانی کوردستان لێدەن؛ خەڵک بەپیریی ئەو داواکارییەوە چوون و ڕۆژی ٢٢ی خاکەلێوە کاتژمێر ١٠ی شەو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ڕێزگرتن لە کۆمەڵگای پزیشکیی کوردستان لە شار و گوندەکانی کوردستان خولەکێک چەپڵەیان لێدا.

٢٥ی خاکەلێوە: دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەمەڕ کرانەوەی هەندێک لاپەڕەی تایبەت بەناوی حیزبی دێموکراتەوە کە بە دژی لایەنەکانی دیکە دەیاننووسی ئاگادارییەکی بۆ ڕای گشتیی بڵاوی کردەوە و ڕایگەیاند هیچ ماڵپەڕ و لاپەڕەیەک بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە بوونی نییە، مەگەر لەلایەن کەس یا دەزگای بەرپرس و دیاری حیزبی دێموکراتەوە تەئید کرابێت. حیزبی دێموکرات ئەدەبیاتێکی تایبەت و دەروەستی خۆی هەیە و زمانی سووک بەنیسبەت هیچ لایەن و کەسایەتییەکەوە وەگەڕ ناخا.

ـ لە بەرنامەی «سبقەت» کە لە کاناڵی یەکی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێراندا بڵاو دەبێتەوە بێژەری ئازەری زمانی بەرنامەکە زمانی فارسی وەک زمانێکی کەمینە دەناسێنێت کە ئەمە تووڕەیی فارس زمانەکانی لێکەوتەوە. فارس زمانەکان هێرشیان کردووەتە سەر دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمی ئێران کە دەبێ ئەو بێژەرە سزا بدرێت. بێژەری ئەو بەرنامەیە زمانی فارسی وەک زمانێکی کەمینە ناو دەبات.

١ی بانەمەڕ: بەخشداری ناوەندیی نەغەدە، بە نیشانەی نارەزایەتی بە دانانی پەیکەری «محەممەد ئەوراز» لە شەقامی باڵەخچیی ئەم شارە دەستی لەکار کێشایەوە.

ـ بەرپرسانی نیۆیۆرک بانکی پیشەیی کۆرەی باشووریان بەهۆی پێوەندی و سپیکردنەوەی پارە بۆ ڕێژیمی ئێران بە ٣٥ ملیۆن دۆلار جەریمە کرد.





٢ی بانەمەڕ: ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە سزای ئێعدام لە جیهان لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕایگەیاندووە کە پاش چین، ئێران زیاترین ئاماری ئێعدامکردنی خەڵکی هەیە.

ـ ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا، ‹›پێوەری ئازادیی میدیاکانی لە جیهان››دا بڵاو کردەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان، پلەی ١٧٣ی لە بواری ئازادیی میدیاکاندا هەیە.

٨ی بانەمەڕ: کۆمەڵگای مەدەنیی شنۆ بە پێدانی «لەوحی ڕێزلێنان» و «گوڵ» بە پزیشک و پەرستار و کادرە دەرمانییەکانی نەخۆشخانەی «نەبی ئەکرەم»ـی ئەو شارە، ڕێز و پێزانینی خۆیان بەرانبەر بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەو چینەی کۆمەڵگا نیشان دا.

١٣ی بانەمەڕ: «خالید فەرەجزادە›› و «ئەوین عەباسی»، دوو وێنەگری بە توانای کوردستانی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی فێستیڤاڵی «ئارتراوێڵ ٢٠٢٠» بەربژێری فیناڵ کران. ١٤١١ وێنەگر لە ١٠٣ وڵاتەوە لەو کێبڕکێیەدا بەشدار بوون کە ٤١ کەسیان چوونە قۆناغی فیناڵەوە.

١٤ی بانەمەڕ: کتێبێک سەبارەت بە کۆمەڵناسیی سیاسیی کۆمەڵەی ژ کاف چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەو کتێبە لەلایەن دوکتور «ئەمیر سەجادی» نووسراوە و وەشانگەی «مادیار» چاپی کردووە. ناوەرۆکی ئەو کتێبە مێژوویە، باس لە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد دەکات.

ـ پاش بڕیاری ئاڵمان بۆ تەحریمکردنی هەمەلایەنەی چالاکییەکانی حیزبوڵڵای لوبنان لەلایەن وڵاتی ئاڵمانەوە، شیرکەتی «فەیسبووک»، لاپەڕەی ئینستاگرامیی کاناڵی «ئەلعالەم»ـی سەرەڕای ئەوەی کە تیکێتی شینی پەسەندکراویی هەبووە، داخست.

١٧ی بانەمەڕ: بوومەلەرزەیەک بە گەورەیی ٥.١ ڕیشتەر و قووڵایی ٧ کیلۆمیترەوە، دەوروبەری «فیرووزئاوا»ی لە پارێزگای لوڕستان هەژاند. هاتنی بوومەلەرزە لە پارێزگاری لوڕستان بوو بەهۆی بریندارببوونی چەندین کەس و هەروەها زیانبەرکەوتنی بەشێک لە ئاسەوارە مێژوویی و کولتوورییەکانی ئەو پارێزگایە.

٢٢ی بانەمەڕ: وڵاتی چین ٣ دەزگای پزیشکی بۆ ئەنجامدانی «سکەن» لەسەر کەسانێک کە ئەگەری هەیە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبێتن بە «ئاستانی قودسی ڕەزەوی» داوە. لە حاڵێکدا کە ناوەندە گشتییەکانی ئێران پێویستییان بە یارمەتییە، چین یارمەتی بۆ ئاستانی قودسی ڕەزەوی کە ناوەندێکی ئایدۆلۆژیکیی ڕێژیمی ئێرانە دەنێرێت.

ـ خەڵکی کابوڵ و هەرات لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە «کابوڵ» و کۆنسولخانەی ڕێژیمی ئێران لە «هەرات»ـدا خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد. خەڵکی هەرات و کابوڵ لە وڵاتی ئەفغانستان لە نارەزایەتی بەرانبەر بە نوقمکردنی دەیان کۆچەری ئەفغانی لەلایەن ئێرانەوە خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

٢٣ی بانەمەڕ: مەجلیسی ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا، گەڵاڵەیەکی دوو فەورییەتیی بە ناوی « بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەوڵە دوژمنکارانەکانی ئیسرائیل» کە لە دەستووری کاریدا بوو، تاوتوێ و پەسندی کرد.

٢٦ی بانەمەڕ: هەڵۆکانی زاگرۆس ڕایانگەیاند تیمێک لە پاسگای زێوەی مەرگەوەڕ بە ئامانجی ئازار و ئەزیەتی خەڵک لە مۆڵگەکەیان هاتوونەتە دەرەوە و ئەم تیمە، لەلایەن تیمێکی هەڵۆکانی زاگرۆسەوە کراونەتە ئامانج و فەرماندەی ئەو پاسگایە بە ناوی موحەڕەمی لەو شەڕەدا بریندار کراوە». موحەڕەمی دەستێکی باڵای لە ئازاردانی خەڵکدا هەبووە و مەڕ و ماڵاتێکی زۆری خەڵکی بە گرتن داوە. خەڵکی ناوچەکە دڵخۆشیی خۆیان بۆ ئەم عەمەلیاتەی هەڵۆکانی زاگرۆس دەربڕیوە».

٢٨ی بانەمەڕ: سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە قسەکانیدا لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی وەزیرانی دەوڵەتی نوێ و تازە ڕاگەیەندراوی ئیسرائیلدا، پێداگریی لەسەر درێژەپێدان بە شەڕ لەگەڵ حزووری نیزامیی ڕێژیمی ئێران لە سووریەدا و بەرنامەی ناوکی و مووشەکییەکانی کردەوە.

ـ دۆخی خراپی ئابووری و نەبوونی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکان، گوندنشینانی ئێرانی ناچار بە چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچ بۆ شارەکانیان کردووە.

٣٠ی بانەمەڕ: چالاکانی عێراقی بە خستنەڕێی کەمپەینێک و دانانی هەشتەگێک بە ناوی «#الزم_حدودک_خامنائي» واتە «خامنەیی سنووری خۆت بناسە»، تووڕەیی خۆیان بەرانبەر بە دەستێوەردانەکانی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتەدا نیشان دا.

٣١ی بانەمەڕ: ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە بەڵگەنامەیەکدا وردەکاریی زۆرتری لەبارەی کوشتاری خۆپیشاندەرانی مانگی خەزەڵوەری ئێران بڵاو کردەوە و داوای لە شورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە کە لەمبارەوە لێکۆڵینەوە بکەن. لەم بەڵگەنامەیەدا شوناسی ٣٠٤ پیاو و ژن و منداڵ ئاشکرا بووە کە بەپێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی لێبووردنی نیونەتەوەیی، بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە کوژراون.

ـ «ئیلیا چراغی» و «ستارە شاوەیسی» دوو نیگارکێشی هەشت ساڵانی کرماشانی توانییان دیپلۆمی شانازی لە کێبڕکێی نێودەوڵەتیی نیگارکێشی وڵاتی «ڕۆمانیا»دا بەدەست بێنن. لەو کێبڕکێیەدا، ٢ هەزار و ٨٠٠ بەرهەم لە ٣٠ وڵاتی جیهانەوە بەشدار بوون. منداڵانی کرماشان کە بە ١٢ بەرهەم

# زمان.. دەسەڵات.. هێز

## (لە ڕوانگەی ڕۆڵان بارت و ئەمبیرتۆ ئیکۆوە)



ساماڵ ئەحمەدی

ئەمبیرتۆ ئیکۆ لە وتاری ‹‹زمان، دەسەڵات، هێز››دا، بابەتی زمان لە ڕوانگەی ‹‹ڕۆڵان بارت››ەوە وەک بابەتێکی بانتر لە ئەدەبیات و تەکینکەکانی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتدا دەخوێنێتەوە کە دەچێتەوە سەر بابەتی دەسەڵات.

ئیکۆ وتارەکەی بە یەکەم وانەی ڕۆڵان بارت وەکوو مامۆستای نیشانەناسیی ئەدەبیات لە کۆلێژی ‹‹دووفرانس›› دەست پێدەکات کە لەو کۆلێژەدا مامۆستا هەر وتار، یان وانە پێشکەش دەکات؛ واتە لەوێ مامۆستا خوێندکارەکانی تاقی ناکاتەوە و، دەسەڵاتی ڕەدکردنەوە، یان دەرچوواندنیانی نییە. خوێندکارانیش هەر لە سۆنگەی هۆگرییەوە لە پۆلی وانەکاندا ئامادە دەبن. بارت وانەکەی خۆی بە پەسنی پلە نوێیەکەی دەست پێدەکات و دەڵێت: ‹‹هاتوومەتە شوێنێک کە لە دەسەڵات بەدوورە.›› ئیکۆ ئەم وتەیە بە ڕیابازی دەزانێت، چونکە لە فەرەنسا هیچ شتێک بەقەدەر وانەگوتنەوە لە کۆلێژی دووفرانس و بەرهەمهێنانی زانین، دەسەڵاتی فەرهەنگی نابەخشێت بەڵام دەڵێت: ‹‹لەوانەیە زێدەڕۆییم کردبێت، چونکە لەو وانەیەدا (کە دواتر لێمان ڕوون دەبێتەوە دەربارەی زمانە) بارت بە شێوەیەکی ساویلکانە گەمە دەکات: ئەو پێناسەیەکی دەسەڵات دەخاتە ڕوو، کەچی پێناسەیەکی دیکەی بۆ دەکاتە پێشگریمانە.››

ئیکۆ پێی وایە بارت لەوە زیرەکترە کە فۆکۆ بخاتە پشتگوێ، کەواتە دەبێ ئەوە زۆر باش بزانێت کە دەسەڵات ‹‹یەکە›› نییە، بگرە لەو جێیانەدا کە بە یەکەم نیگا نایبینین دزە دەکات، دەسەڵات ‹‹فرە››یە، سپایەکە وەکوو ئەهریمەنەکان. دەسەڵات لە ناسکترین میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە؛ نەک هەر لەلای دەوڵەت و چینەکان و گرووپەکان، بگرە لە مۆدەکان و باوەڕەکان و نمایشەکان و گەمەکان و وەرزشەکان و زانیارییەکان و پێوەندیی خێزانی و تایبەتی و تەنانەت بەلای ئەو لایەنە ئازادیخوازانەوە کە هەوڵ دەدەن دژی بوەستنەوە، ئامادەیە. ‹‹وتەیەک بە وتەی دەسەڵات دەناسرێت کە هەڵە دەخاتەوە و لە ئەنجامدا بیسەر تۆمەتبار دەکات.›› ئەگەر بۆ لەنێوبردنی دەسەڵات شۆڕش بکەن، دەبینن جارێکی دیکە لە ناخی دۆخە نوێیەکەوە سەر هەڵدەداتەوە. ‹‹... دەسەڵات مشەخۆری جەستەی بانکۆمەڵایەتییە، پێوەندیی بە تەواوی سەربردەی مرۆڤەوە هەیە، نەک هەر سەربردە سیاسی و مێژووییەکەی. زمانیش ئەو شتەیە کە لە ژیانی تاهەتاییی مرۆڤایەتیدا، دەسەڵات تێیدا جێگیر دەبێت.››

ئیکۆ لە درێژەی وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە بەدیهێنەری دەسەڵات، هێزی گوتن نییە، بگرە شێوەیەکی هێزی گوتنە کە لە سیستمێک، یان دەزگایەکی ڕێساکان، واتە لە زماندا چەقی بەستووە. دەگەڕێتەوە سەر وتەی بارت کە لە وانەکەیدا دەڵێت: ‹‹زمان ناچارم دەکات هەرکاتێک باسی کردەیەک بکەم، خۆم لە جێی بکەری ئەو کردەیە دانێم. ئیدی لێرەوە هەرچییەکی بیکەم دەبێتە دەرەنجامی ئەوەی کە هەم؛ زمان ناچارم دەکات نێر و مێ لێک هەڵاوێرم و بواری ئەوەم پێ نادات جۆری نە نێر-نە مێ وێنا بکەم؛ ناچارم دەکات بە گوتنی ‹‹ئێوە››، یان ‹‹تۆ›› لەهەمبەر ئەوی دیدا دەرووەست بم، چونکە مافی ئەوەم نییە پێوەندیی سۆزداری، یان کۆمەڵایەتیی خۆم دیاری نەکەم. ... زمان بەهۆی پێکهاتە تایبەتەکەیەوە جۆرە پەیوەندییەکی لەخۆنامۆبوونی ناچارەکی دەخوازێت. ... قسەکردن، واتە ملکەچبوون: زمان [دەسەڵاتێکی] بادەرەوەیە کە لایەنی هەمەکیی لەخۆ گرتووە. با لەوەش زیاتر پێ ڕاکێشم: زمان نە بادەرەوەیە و نە پێشرەوە، بگرە لە یەک وشەدا فاشیستە. چونکە فاشیزم گوتن قەدەغە ناکات، بگرە گوتن دەکاتە ناچاری.››

ئەم وتەیەی بارت لە ژانویەی ۱۹۷۷ەوە زۆرترین دەمەقاڵەی لێ کەوتووەتەوە. ئیدی هەموو باسەکانی دوایی، لەم وتەیەوە دێنە گۆڕێ. پاش بیستنی ئەم وتەیە ئیدی پێمان سەیر نابێت ئەگەر بڵێین: زمان دەسەڵاتە، چونکە ناچارم دەکات کۆمەڵێک کلێشەی لەپێشدابیچمگرتوو (لەوانە وشەکان) بەکار بێنم، هەروەها پێکهاتەیەکی وەها پێویست و بەدەر لە گومانی هەیە کە مۆڵەت بە ئێمەی کۆیلەکانی زمان نادات لێی دەرباز و ڕزگار بین، چونکە هیچ شتێک لە دەرەوەی زمان نییە.

چۆن دەتوانین لەم شتەی کە بارت (بە ئاوڕدانەوە لە شانۆنامەکەی سارتر) پێی دەڵێت ‹‹دەرگای داخراو››، خۆمان دەرباز بکەین؟ بە وەرچەرخاندن. دەکرێ لە زماندا وەچەرخان بکەین. بارت بە ئەم گەمە نادروست، ڕزگاریدەر و ئازادیبەخشە دەڵێت ‹‹ئەدەبیات››.

لێرەوە دەگەینە سەر چنینی تیۆرییەکی ئەدەبی کە گەمەکردنی وشەکان و گەمەکردن بە وشەکانە. ئەم باسە هەر ئەو وتانە دەگرێتەوە کە بە کردەی ئەدەبی ناو دەبرێن، کەچی دەبینین ئەو تیۆرییە هاوکات لە وتەی زانستی، یان مێژوونووسییشدا بەکار دێت بەڵام ئەوەیکە دواجار بەلای بارتەوە نموونەی سەرەکیی ئەو چالاکییە ئازادیبەخشەیە ئەو چالاکییانەن کە پێیان دەگوترێت، داهێنەر، یان داهێنەرانە. ئەدەبیات سەروکاری لەگەڵ گوزارەی مشتومالدراودا نییە، بەڵکوو سەروکاری لەگەڵ گەمەی بێژەر و نووسەردا هەیە کە هێزی ڕاکێشانی وشەکان دەدۆزێتەوە. ئەدەبیات ئەوە باش دەزانێت کە هێزی زمان دەتوانێت جارێکی دیکە بەسەریدا زاڵ بێتەوە، بەڵام هەر ڕێک بەو هۆیەشە کە ئامادەیە لە قسەی خۆی پاشگەز ببێتەوە؛ وتەکەی خۆی جارێک پەسند بکات و جارێکی دی ڕەدی بکاتەوە، جاری وایە لاساری دەکات و جاری واشە بە زمانبازی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت؛ نیشانەکان ناسڕێتەوە، بەڵکوو وەگەمەیان دەخات و گەمەیان پێ دەکات. وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ ئەدەبیات جۆرێک ئازادکردنی دەسەڵاتی زمانە یان نا، پەیوەندیی بە سرووشتی ئەو دەسەڵاتەوە هەیە. وێدەچێت کە بارت لێرەدا خەریکی تەفرەدان بێت، هەروەها ڕاستەوخۆ، نەک هەروەکوو دۆستێک، تەنانەت لەو بەشەدا کە باسی ‹‹فرەیی››ی دەسەڵات دەکات، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕستەکانی فۆکۆ شەرح دەکات. ئەو واتایەی کە فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات خستوویەتە ڕوو، لەوانەیە قایلکەرترین و بێگومان پاڵنەرترین واتایە کە تا ئێستا باوە.

لە توێی ئەو گۆڕانەی لە بەرهەمەکانی فۆکۆدا لە نێوان دەسەڵات و زانین، ‹‹کردەی وتەیی و کردەی ناوتەیی››دا دەبینرێت، دەکرێ چنینێکی ڕوونی واتای دەسەڵات بەدەست بخەین کە لانیکەم دوو تایبەتمدنیی ئەو چنینە لێرەدا بەکارمان دێت: یەکەم ئەوەیکە دەسەڵات تەنیا هاندان بۆ دەبڕین و بەرهەمهێنانی زانین نییە؛ دووهەم، هەروەکوو بارتیش ئیشارەی پێ دەکات، دەسەڵات «یەکە» نییە، لەتلەت نییە، دەسەڵات پرۆسەیەکی یەکلایەنەی نێوان فەرمانڕەوا و ژێردەستەکانیەتی.››

فۆکۆ دەڵێت: ‹‹بە گشتی دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە ئەو دەسەڵاتە بەکارترە لەوەی لە دەستی کەسێکدا بێت، دەسەڵات خاڵی پێبڕاو، یان پارێزراوی چینی فەرمانڕەوا نییە، بگرە بەڵگەی کۆمەڵێک دۆخی ستراتیژیکی ئەو چینەیە (بەڵگەیەکی وایە کە دۆخی کەسانی ژێر دەسەڵات دەیخەنە ڕوو، جاری واشە دیسان وەسەرڕێی دەخەنەوە). لەلایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتە بە شێوەی جۆرێک زۆرداری، یان بەربەست بۆ ئەو کەسانەی ‹‹دەسەڵاتیان نییە›› کار ناکات؛ بەڵکوو دەسەڵاتی ئەوان گەمارۆ دەدات و لەوان و بە نێوان ئەواندا تێپەڕ دەبێت؛ پشتیان پێ دەبەستێت، ڕێک وەکوو خۆیان کە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەسەڵاتەدا پشت بەو کەرەستانە دەبەستن کە دەسەڵات بەسەریانیدا سەپاندووە.››

ئیکۆ لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت: بێگومان زمان زۆردارە (چونکە بە پاساوی ئەوەیکە ڕستەی ‹‹من دانەیەک چۆنم دەوێ›› واتای نییە، ئیجازەم پێ نادا بیڵێم)، بەڵام تایبەتمەندیی زۆردارییەکەی نە پەیوەندیی بە بڕیاری کەسییەوە هەیە و نە بە هیچ ناوەندێکی دیکەوە کە ڕێساکانی لێوە پەیدا دەبن؛ زمان بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و، ڕێک بەهۆی پێکەوەسازانی هەموو خەڵکەوەیە کە بەشێوەی دەزگایەکی ئەرکسەپێن پەیدا دەبێت. هەموو کەسێک لە بەرانبەر جێبەجێکردنی ڕێزماندا تاکوو ڕادەیەک مل با دەدات، سەرباری ئەوەش دەیپەژرێنێت، بەڵام وای پێ باشترە کە پێی وابێت خەڵکی دیکەش جێبەجێی دەکەن.

(سەرباری ئەوەیکە زمان بەهۆی تایبەتمەندییە ڕێکخراوەکەیەوە بەشێک لە پێکهێنەری زانینە) نازانم دەکرێ بڵێین زمان کەرەستەی دەسەڵاتە، یان نا؟ بەڵام بەبێ شک جۆرێک سەرباشقەی دەسەڵاتە. دەتوانین بڵێین زمان کە بەرزترین دەزگای نیشانەناسییە، یان (بە وتەی نیشانەناسەکانی ڕووسیە) سیستمی نموونەسازی سەرەتاییە، سەرباشقەیەکە بۆ ئەو سیستمە نیشانەسازانەی کە لە فەرهەنگی جۆراوجۆردا وەکوو کەرەستەی دەسەڵات و زانین (سیستمی نموونەسازی دووهەم) جێ دەگرێت.

کەواتە لەم ڕووەوە، بارت هەقیەتی زمان بە شتێک لەقەڵەم بدات کە پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، بەڵام هەڵەکەی لەو دوو ئەنجامەدایە کە پێیان دەگات: ئەوەیکە زمان فاشیستە و ئەوەیکە زمان ‹‹شتێکە دەسەڵات [واتە درەوشانەوەی دابینکەری زمان] تێیدا جێگر دەبێت.››

با لە پێشدا خۆمان لەگەڵ هەڵەی یەکەم یەکلایی بکەینەوە: ئەگەر دەسەڵات ئەو شتە بێت کە فۆکۆ پێناسەی کردووە و ئەگەر دەکرێ تایبەتمەندییەکانی دەسەڵات لە زماندا بدۆزینەوە، گوتنی ئەوەیکە زمان بەو هۆیەوە فاشیستە زیاتر لە گاڵتە دەچێت: ئەم وتەیە بە جۆرێک بانگهێشتکردن بەلای لێڵیدایە. چونکە ئەگەر فاشیزم لە هەموو جێیەک هەیە و، ئەگەر لە هەموو دۆخێکی دەسەڵات و لە کۆنترین زمانەکاندا هەمیشە ئامادە بووە، کەواتە ئەوە لە بنەڕەتدا لە هیچ کوێ نییە، ئەگەر چارەنووسی مرۆڤایەتی لەژێر دەسەڵاتی فاشیزمدا بێت کەواتە هەمووان فاشیستن و ئەوەش واتە هیچ کەسێک فاشیست نییە. ئەم بابەتە مەترسیی ئەو هۆکارهێنانەوە فریودەرانە نیشان دەدات کە بەردەوام لە ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانەدا دەیبینین، جیاوازییەکەیشیان هەر ئەوەیە کە ئەوان وردەکارییەکەی بارت نازانن. ئەو لانیکەم ئەوە دەزانێت کە گوتنی وتەی پێکناکۆک وەک تەکنیکی ڕەوانبێژی بەکار دێنێت.

بەڵام هەڵەی دووهەم بەلای بۆچوونی منەوە ناسکتریشە: زمان ئەو شتە نییە کە دەسەڵات تێیدا جێگر بێت. بەڕاستی من هەرگیز لەو کەڵکەڵەیەی فەرەنسایی و فەرەنساییشێوەکان تێناگەم کە دەیانهەوێت هەموو شتێک جێگیر بکەن، یان هەموو شتێک بە جێگیرکراو ببینن، بە کورتییەکەی من واتای ڕوونی ‹‹جێگیربوون›› نازانم. وا دەزانم ئەم کردارە گۆڕانێکە بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی کە چاریان نییە بە بەکارهێنانی زۆر و هێز چار بکات بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەش بپەژرێنم، وای بە باش دەزانم زمان کەرەستەیەک بێت کە دەسەڵات لە ڕێی ئەوەوە لە هەرجێیەک سەری هەڵدا جێگیر ببێت.

# پێویستیی کارکردن بۆ ڕێکخستنی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستانی ئێران

برایم لاجانی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە گەشە و هەڵدانێکی بەرچاودایە بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەم لە تیئۆری و هەم لە پراکتیکدا لەگەڵ زۆر مەسەلە بەرەوڕوویە کە نابێ لە هێنانە گۆڕ و باسکردنیان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا سڵ بکەینەوە.

بۆ ڕێکخستنی زیاتری ڕیزەکانی بزووتنەوە، بۆ هاوئاهەنگ کردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردستان ئاسۆیەکی بەرینتری لە پێشدا بێت، پێویستە لە سەر چەند مەسەلە پێ داگرین. بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی ئیدئۆلۆژیکی داخراو نییە. بزووتنەوەیەکی میللی دێموکراتیکە. بزووتنەوەیەکە بۆ ڕزگاری کوردستان لە ستەمی میللی و دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستان سەری هەڵداوە کەواتە بزووتنەوەی چینێک یان توێژیکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نییە. دانیشتووانی کوردستان، سەر بە هەر دەستە و تاقمێکی کۆمەڵایەتی بن، دەتوانن بەشداری لەو بزووتنەوەیەدا بکەن؛ بۆیە پێویستە کە ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ بەشداری لە بزووتنەوەدا مۆبیلیزە بکرێن.

ئاخر ڕۆڵەکانی کوردستان تەنیا لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا و لە پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورددا وشیاری و ئاگاهی میللی پەیدا دەکەن و ناسنامەی فەرهەنگی و سیاسی و نەتەوەیی خۆیان دەچەسپێنن. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان، داخوازی تایبەت بە خۆشیان هەیە. ئەو داخوازە سینفی و کۆمەڵایەتییانە تەنیا کاتێک دەتوانن بڕۆنە پێش کە لە چوارچێوەیەکی بەریندا، لەگەڵ داخوازە سەرەکییەکان لێک گرێبدرێن و هاوئاهەنگ بکرێن. لاوان، ژنان، مامۆستایان، خوێندکاران، کارمەندان، کرێکاران، جوتیاران، بازارییان و باقی چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکەی کوردستان و کەمایەتییە میللی و مەزهەبی و ئایینی و ئێتنیکییەکانی کوردستان، هەرکامیان بە داخوازی خۆیانەوە بە دژی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی لە خەبات و بەربەرەکانێدان؛ ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە هەرکوێیەک کە هەن لە سەریانە ئەو نارەزایەتی و بەربەرەکانێ سینفی و کۆمەڵایەتییانە لە سەر بناخەی هاوپێوەندیی میللیی لێک گرێبدەن.

لێکگرێدان و هاوئاهەنگکردنی بزووتنەوە ئێعترازییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ داخوازە میللی و دێموکراتییە گشتییەکاندا، بزووتنەوەی کوردستان دەکاتە بزووتنەوەیەکی بەرین و جەماوەری هەر بۆیە ئەوە گرنگترین ئەرکی ڕێکخراوەکانی حیزبە لەو هەلومەرجەدا. ئەگەر نەتوانین ئەو ئەرکە گرینگە جێبەجێ بکەین ڕۆڵی پێشڕەوبوونی خۆمان لەو بزووتنەوەیەدا دەخەینە ژێر پرسیار. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەگەر ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرانە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی میللی و کوردستانیدا ڕێکنەخرێن، هیچ کە ناتوانن بە ئامانجەکانیان بگەن، بەڵکوو هەر زوو سەرکوتیش دەکرێن. ئەوەش ئەو پێویستییە دەردەخا کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە پتر لەگەڵ یەکتر هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و لە بەرانبەر سەرکوت و زەبروزەنگی ڕێژیمدا شێلگیرانە پشتیوانی لە یەکتر و داخوازەکانی یەکتر بکەن. لە حاڵێکی ئاوادا هێز و توانای هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان دەخرێتە سەریەک و لە بەرامبەر ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا خۆڕاگرتریان دەکات و ئاسۆیەکی بەرین و گەورەش بۆ بزووتنەوە لە ئاستی گشتیدا دەستەبەر دەکا؛ بەڵام لەو پێوەندییەدا مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هەیە کە نابێت لە بیرمان بچێت. ئەویش ئەوەیە کە هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ئاسۆیەکی گەورە و بەرین بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە و لێکگرێدانیان لە ئاستێکی بەرزدا، نابێ وامان لێبکا کە خەباتی ڕۆژانە و داخوازە دیاریکراوە سینفی و کۆمەڵایەتییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە هێند نەگرین. ڕاست بەپێچەوانەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی حیزبی ئێمە لە سەنگەری هەرە پێشەوەی دیفاع لە داخوازە جەماوەرییەکاندا بن و ویست و داواکانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، لە دروشمی واقعبینانەدا فۆرمۆلە بکەن و بیانهێننە گۆڕێ. ئەو بەشە لە کادرەکانی ئێمە کە بایەخ بە خەباتی ڕۆژانەی دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتییەکان و داخوازە سینفییەکانی ئەوان نادەن، زیان بە ئیعتباری حیزب و پرۆسەی بەرینبوونەوەی بزووتنەوە و یەکیەتیی ڕیزەکانی میللەت دەگەیەنن.

شێوەی ئەسڵی خەباتی ئێمە خەباتی جەماوەرییە و بەبێ وەگەڕخستنی هێزوتوانای لەبننەهاتووی خەڵک، ناتوانین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی گەورە ڕاکێشینە مەیدان.

هەر لەوپێوەندییەدا مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین. ئەویش ئەوەیە کە دەبێت بزانین سکتاریزم و فرقگەرایی گەورەترین دوژمنی بزووتنەوەی جەماوەری و میللییە. سکتاریزم زۆرتر لە هەلومەرجی ئەو وڵاتانەدا سەرهەڵدەدا کە بەدەست ئیستبداد و سەرەڕۆییەوە دەناڵێنن. وەزعێک کە ئێمە لە کوردستانی ئێراندا لەگەڵی بەرەوڕووین، وەزعێکی لەو چەشنەیە. هەبوونی حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆری سیاسی لە سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستان و ململانێ و ڕەقابەتی سیاسیی ئەوان لەگەڵ یەکتر، شتێکی تەواو سروشتی و تەنانەت پێویست و بەکەڵکیشە بەڵام ململانێ و ڕەقابەتی غەیرە ئوسووڵی و نائەخلاقی، زیانی قەرەبوونەکراوە بە سەرجەمی بزووتنەوە دەگەیەنێ.

میللەتی ئێمە لە کوردستانی ئێران، وەک هەر میللەتێکی دیکە، لە چین و توێژی جیاواز پێک هاتووە کە قازانج و بەرژەوەندی جیاوازیشی هەیە کەواتە لە هەڵەداین ئەگەر پێمان وابێ تەنیا یەک حیزب یا ڕێکخراوی سیاسی دەتوانێ بەتەنیا نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کورستان بکات؛ بەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە کە پلۆڕالیزمی سیاسی بە ئەتۆمیزەکردنی سیاسەت تەرجومە بکەین و بە ناوی پلۆڕالیزم بزووتنەوە و ڕیزەکانی خەبات دابڕدابڕ بکەین .

ئێمە لە کوردستاندا پێویستیمان بە چەند حیزبی سیاسی و جەماوەری گەورە هەیە کە پایەگای کۆمەڵایەتییان هەبێت و بتوانن هەم لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەن و لە هەمان کاتیشدا موخالەفەت و ڕەقابەتی سیاسیش لەگەڵ یەکتر بکەن. ئەوە هەم بە قازانجی دێموکڕاسییە لە کوردستاندا و هەم بە قازانجی بزووتنەوە و هێزەکانی نێو بزووتنەوەشە. بۆ حیزبی دێموکرات هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و پلۆڕالیزم لە کوردستاندا نەک تاکتیک بەڵکوو ئامانج و فەرهەنگی کارە.

هیچ حیزبێکی جیدی ناتوانێ بەرامبەر بە لەمەترسی کەوتنی مەوجودیەت و ناسنامە و هەویەتی سیاسی خۆی بێدەنگ بێت و دەست لە سەردەست دانێ. بۆیە هەرکەس مەوجودیەت و هەویەتی حیزبی ئێمە نەخاتە بەر مەترسی و هەرەشە و بەرنامەیەکی دێموکڕاتیک و کوردستانی هەبێت، ئێمە دەستی هاوخەباتی بۆ درێژ دەکەین و لەو خەباتەدا کە دەیبەینە پێش، بە دەستەخوشکی خۆمانی دەزانین.

تایبەتمەندیی هەرەگەورەی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی ڕەسەن و بەرپرسی کوردستانی ئەوەیە کە لە سیاسەتدا هەمیشە قازانج و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد و بزووتنەوەی کوردستان دەخاتە ڕیزی پێشەوەی ئەجێندای کاری خۆی. ئاخر حیزبی ئێمە قازانج و بەرژەوەندییەکی جیا لە قازانج و بەرژەوەندییە بەرزەکانی میللەتی کوردی نییە و هەر بۆ بردنەپێش و وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانیش دامەزراوە.

# مەباری باران، مەباری

بیست و یەکی ئادارە و
ژیلەمۆی ئەم ئاگرە
خوێنی ناو دەماری ئەم گەلەیە.
ئەی خۆر
زوو برۆ، ئەمڕۆ ڕووناکیی ئەم ئاگرە گڵۆپی کۆڵانە تاریکەکانی مێژوویە.
تۆ دارستانی بریندار،
تەرمی شەهیدەکانتم بدەیە، با بە خاکی پیرۆز غوسڵیان بدەین و
لە ئاگری پیرۆزدا بیاننێژین
لەگەڵ تۆمە ئەی شەو
پەنای ئەم ئاگرە بدە با چەتەکان لە ڕۆژە ملکەچەکانی خۆیاندا نەیانکوژن !
بیست و یەکی ئادارە و
لە پێخەفی مەرگەوە هەڵدەستمەوە،
گێژەڵووکەی ئەم بەهارە شەرعی من دەکا .
ڕابە ئادار
ڕابە نەورۆز
ڕابە و بە پریشکەی ئاگری خۆت تاریکیی سەپاوی دەستی بەرماوخۆران گڕ بدە
بە مەشخەڵی دەستی پەیرەوانت
کۆگا و ماڵ و تەلار و زنجیرەی ستەمی دزانی دڵبۆری چاوبرسی ئاگر بدە !
شەفاعەت مەخوازە بۆیان نەورۆز
بە هەناسە پیرۆزەکانت سوێند
شەختە و ڕنووی ئەو سەرماسەپێنانە جەرگی هەسارەی زەویی کردووە بە خوێن
بە ڕەنگی سوور و زەردی تۆ سوێند
سووریی مێژووم بە دەستی جەلاد و نۆکەرانی شەرەفدۆڕاوی ئەوان نەخشاوە.
نەورۆز دێ
نەورۆز دێ
ڕەحمەتی خودای منە
خودای من خودای ژیانە،
ئایینی من پێکەنین و ڕەحمە
سوێند بە تۆ نەورۆز
خوداکانی ئەوان لە سەرتاسەری مێژوو
هەموویان ناویان مەرگ بووە و ئایینەکانیان هەر گریان !
سوێند بە بزە و ئومێدی تۆ نەورۆز
ئایەتی من ئایەتی هەستانەوە و
حیکایەتی مان بووە
کەچی  ئەوان ئایەتەکانیان درۆ و گزە و پیلانی کوشتن !
نەورۆز
بە شەرعی تۆ سوێند دەخۆم،
لە شەممۆوە تا هەینی
ئێوارانی ژێردەستیم هەر سوور بووە و
هێزی ستەم لەسەر سەرم خوانی بۆ جەلادە خۆنەشۆر و بیرچڵکنەکان ساز داوە!
نەورۆز
بە پیتە پیرۆزەکانت قەسەم
بە نەمری و ئەبەدییەتی تۆ قەسەم
مەرگ و سێدارەن ئەوان،
پیسە لەشیان
نۆژیان نۆژی تاعوون پەرستانە،
نەورۆزی ئەوان نێرگز و هێرۆ و هەڵاڵە و سوێسن لە یەک کاتا بە یەک مقەست دەبڕن
شەقام و کۆڵانی خاوێنیان ناوێ
خوێنی پیس پەروەردە دەکەن
دیکتاتۆرییەت لە بزە و پێکەنینیان دەبارێ
ڕەحم  بە بۆنی خۆش و عەتری کۆن و نوێ ناکەن
ئەوان نوێنەری کوشتنن، سەعادەت لە مەرگدا دەبینن،
بە خوێن کۆڵان و شەقامەکان دەشۆن
قاورمەکانیان بە مێشک و دەست و قاچی مرۆڤ دروست دەکەن و
هەر بە لاشەی مرۆڤیش دەیکوڵێنن،
گولدانەکانیان پڕن لە درک و خۆڵی لەعنەتلێکراو
زمانیان زمانی زەمانە مردووەکانی بەر لە پەیدابوونە
لەگەڵ هەر تۆوێکی ژیان و لەگەڵ هەر بەهارێکدا دوژمنن،
نەورۆز
بە مزگەوت و کلێسە و ئاگردان و بۆت و هیچت قەسەم
لە ماڵەکانیان خودا دەکوژن
لە کۆڵاندا بێ خودا دەکوژن
لەشکرەکانیان لەشکری ئیهانەت و تالانچییەکانی مەغۆلە و
شــەرافەت لەلای ئەوان ئەو تەندوورە پڕ لە ئاگرەیە مێژوویان دەســووتێنێ و نەخۆشـیان دەکا
نەورۆز
بە کەرامەت و داوێنپاکیت
بە ڕووسووریت
بە تینی قالبی شەختەبەزێنت سوێند
ئەوان پاسەوانەکانی بەر دەرگای شەڕن،
بە هێزی گڕت سوێند
ئەوان دەغڵکوژانی سەردەمی قات و قوڕین !
ئەی نەورۆزی پشت
هەر وەک چیاکانی وڵاتم قاییم
ئەی نەورۆز
ئەی دەم بەخەندەتر لە پێکەنین و شادتر لە شادی
تۆ دەرمانی
تۆ ژەنەڕاڵی زەمانی
تۆ خوێنی هەزارە و سەدە و قەرنەکانی
لە هەر ساڵێک کە هەڵدەبی دەگژ دژانی ژین ڕۆ دەبی!

**پیرە چریک**



# بەرەو بەهاری کوردەواری

**غەفور کەسنەزانی، ژاکاو**

**وەرگیراو لە ئینتێرنێت**

هەی هەی لە سێحری خورەی شەتاوان
وەی وەی لە سینەی سەختی کلاوان
ناز و کرێشمەی سروە و شەماڵە
بووک دەگوێزنەوە لە ماڵە باوان

وەنەوشە لۆلۆ، زوڵفی باداون
گوڵان لە عەزرەت ئەو دا نەماون
گوێ چۆم و جۆگەی عەتراژن کردن
هەموو لە سایەی ئەودا نەخشاون

پێشمەرگەی بەهار زۆر بە دیسیپلین
وریا و بە جەرگە، گرتوویە کەمین
مزگێنی هێنا بۆ چیا و پێ دەشت
خاکەلێوەیە و وەرزی گوڵ چنین

کۆرپەی ساوای گوڵ جێی کۆشە و ئامێز
(نەکەرۆز) خەملی ، (چلچەمە) گوڵرێز
ئاگری سووری نەورۆزی کوردی
بێ خەم گرتوویە لووتکەی مەترێز

بارگەی خێڵاتی بەرە و سەر دەڕوا
بۆ هەواری ژین بە بیر و بڕوا
خاڵ و بەڵەکە کوێستان و قەدپاڵ
ڕێبوار هەر دەبێ لەم سەفا و مەڕوا

(باڵی) و (بەرانان)، قوتەی (بەردەڕەش)
نامە  دەنێرن بۆ (کانی چاوڕەش)
(زاری) و (پەژارە) و (نافێعی مەزهەر)
دژیان هەڵپێچا بە مۆرەی دوو شەش

 سەرچاوەی ڕوونی داوێنی ئاسۆ
بۆ تەونی ژیان وەک ڕایەڵ و پۆ
بەرهەڵست نابن زیخ و چەوی دڕ
دەڕژێتە چۆماو هێدی و لە سەرخۆ

باقەی کاژیلە و کارەی بەرخ و مەڕ
مۆسیقای ڕۆحی عەرزی تەڕ و بەڕ
شوان لە داوێن و گاهێ لە سەریاڵ
ڕان دادەچڵەکێ لە دەنگی سەوەڕ

دەنگی شمشاڵی شوانی هەردە پێو
دێ لە دوورەوە کاتی ناشتاو شێو
هۆرە و حەیران و گەلۆ و سەوزە چڕ
زاخاوی زامی دەروونی پەشێو

وەرزێڕی لێزان چاکی هەڵماڵین
بۆ هەرەسی دار یا جۆگە ماڵین
بەرۆژ و نسیێی وا لە ژێر نەزەر
لابردنی بەرد ، هەژگ و چێو چنین

پێمەرە و پاچ و بیور و تەورداس
سەرقاڵی ئیشە، دوور لە قسە و باس
جارجار بۆ پشوو چایی لێ دەنێ
نارۆکەش دەکا ، بەشی عام و خاس

پەلەوەر هات و کەوتە پەڕ بازی
سێرو بە خۆی و سێ تەپڵ و سازی
گرتی گوێسوانە و بەرزایی و سەرچڵ
شای ئەو هەرێمە ، داوەرە و قازی

زستان فڕێی دا دوا کۆرپەی زەوی
خەمی هەژاران ئەو چەڵەش ڕەوی
دای بە سەر خۆی دا تارای سەوزەپۆش
زاوای ئازادیش بوو بە پێشڕەوی

ئەم ئاڵ و  گۆڕە ئەزموون دەبەخشێ
کێ لووتی بەرزە و دەمار دەفرۆشێ
ڕۆژێ هەر دەبێ ژیوان بوونەوەی
ئەوکاتەی ئاڵای ویژدان دەنەخشێ

بەیداخی هەڵدا و دەگرێ بەهانە
هەورە ئاووسی گۆپاڵ بارانە
لە شار و دێهات گرتی لەنگەری
نەورۆزانەی دا بۆ شادیانە

تاریفی بەهار ، دیمەن و جوانی
کاوە و کوتکی سەخت بۆ زلهێزانی
ئەبن بە وانە بۆ مەکتەبی ژین
بۆ نەتەوەی کورد هەم نەوەکانی

ڕۆڵەم ،کۆرپەڵەم ، نازداری باوان
یاسای سرووشتە لای بانی چاوان
پیرۆزە و بە فەڕ نیشتمان و زێد
نەکەی لێی لادەی بە حەڵقە و داوان

دەنگی هەلاوەی مناڵ دەیتە گوێم
ئۆخژنی تازە دەبەخشێتۆ پێم
خۆزگە بەو کاتەی منیش مناڵ بووم
بەو کەش و هەوا ئێستەش چاوڕێم

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · *No : 795* · *20 March 2021*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia